# خەباتی ڕاستەوخۆ

ئێمیل پۆژێ



و. لە فارسییەوە: هەژێن

چاپی یەکەم، جێنیوەری ٢٠١٠

# خەباتی ڕاستەوخۆ

## ئێمیل پۆژی



و.لە فارسییەوە: **هەژێن**

چاپی یەکەم، جێنیوەری ٢٠١٠

بەرایی

ئەو شێوازەی کە تا هەنووکە لەنێو بزاڤی کرێکاریی و بزاڤە کۆمەڵایەتییە ئازادیخواز و یەکسانیخوازەکانی کۆمەڵگەی کوردستان و کۆمەڵگەکانی دەوروبەریدا بۆ بەدەستهێنانی داخوازی و بەرهەڵستی هێرشی چینی سەروەر بۆ سەر دەستکەوتەکانی باوبووە و ناسراوە، شێوازی سۆشیالدیمۆکراتیانە [ چەپی (دیکتاتۆری پارتیی) و باڵی ڕاستی (پارلەمانتاری) ] بووە؛ واتە ڕێکخستن و بڕیاردان لە سەرەوە بۆ خوارەوە، ئەمەش بۆ ئامانج و ئاراستەی ئەو ڕێڕەوە ڕامیارییە دەگەڕێتەوە، کە لە سەردەمی سەرهەڵدانی نێونەتەوەیی یەکەمەوە کەوتە پاگەندەی ئەوەی کە " هوشیاری شۆڕشگێڕانەی چینایەتی لەلایەن دەستەبژێری وردەبۆرجواییەوە دەبرێتە نێو کۆڕی کرێکاران، کرێکاران بۆ ڕزگاربوونیان پێوستە دەسەڵاتی ڕامیاریی بگرنە دەست و بۆ ئەم مەبەستەش پێویستیان بە پارتی ڕامیاری هەیە، کە دەستەبژێری هوشیارییەخش ببێتە ڕابەر و بڕیاردەری ئەو پارتە " و ڕێکخراوە جەماوەرییە چینایەتییەکانیش پاشکۆی سازش و بادانەوەکانی پارت بن.

بەڵام هاوکاتی هەوڵەکانی وردەبۆرجوازی بۆ لەقاڵبدانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی یەکسانیخوازیی چین و توێژە چەوساوە و بندەستەکان، هەردەم کرێکارانی هوشیار و ئازادیخوازانی بزاڤە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی کۆمەڵگە لە بەرانبەر ئەوەدا کەوتوونەتە هەوڵی خۆڕێکخستنی سەربەخۆ و خەباتی ڕاستەوخۆی شۆڕشگێڕانەی ئابووری و کۆمەڵایەتی دوور لە نەخشەکێشان و بڕیاردانی وردەبۆرجوازی خۆبەڕابەرزان و ڕزگارکەر و خاوەنبیر، خەباتی ڕۆژانە و ڕاستەوخۆی چین و توێژە

دژەسەروەرەکانی کۆمەڵگەیان لێکهەڵپێکاوە.

خەباتی ڕاستەوخۆ وەك تاقە شێوازی شۆڕشگێرانەی چەوساوانی کۆمەڵگەی چینایەتی، بەبێ نێوەندگەری و دیکتەکردنی ڕابەرانی پارت و بەبێ پێشڕەوی دەسەڵاتخوازانی وردەبۆرجوا، ئاراستەی لە کۆمەڵگەی ناچینایەتییە و پێیوایە کە بنەماکانی کۆمەڵگەی ناچینایەتی لە ڕەوتی خەباتی جەماوەری و ڕاستەوخۆی ڕۆژانەدا جێگیردەکرێن و هۆشیاری و پەروەردەی شۆرشگێڕانەی سۆشیالیستی وەك بەرئەنجامی هەوڵ و تاقیکردنەوەکانی خەباتی بەردەوام و خۆبەخۆی خودی چەوساوان سەرهەڵدەدات و پێویستی بەپێخەمبەریی هیچ ڕامیار و ئەکادیمیستێك نییە. ئەزموونەکانی خەباتی چینایەتی لە دوو سەدەی ڕابوردوودا ئەوەیان نیشانداوە، کە پارت و دەستەبژێر و ڕامیارانی خۆبەڕابەرزان، بە بەردەوامی ڕیزەکانی خەباتی چینایەتیان لیکترازاندووە و بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات و پلەوپایەی سەروەری، هەوڵە شۆڕشگێڕانەکانیان لەباربردوون؛ لەوانە ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەر، بزاڤی شۆڕشگێڕانەی جوتیارانی ئۆکرانیا، ڕاپەڕینەوەی دەریاوانانی کرۆنشتات، هەوڵی کرێکارانی ئاڵمانیا، ڕاپەڕینی کرێکاران لە جەنگی نێوخۆیی ئیسپانیا و ڕاپەڕینەکانی ئەمەڕیکانی لاتین و ... تد.

بەکورتی خەباتی ڕاستەوخۆ لێدانە لە ڕابەریی و شوانەیی ڕامیاریی، لێدانە لە بنەماکانی سەروەریی چینایەتی و پێکهاتەی سەرەوخواری سەروەری، لێدانە لە هەموو هەوڵێکی دەسەڵاتخوازی و تاکە سەنگەری خەباتی ڕاستەوخۆی ڕۆژانەی چەوساوانە و بەتەنیا ئەزموونەکانی خەبات ڕێنوێنیگەری دەبن.

[ وەرگێڕی کوردی ]

# خەباتی ڕاستەوخۆ*

## مەبەستمان لە "خەباتی/چالاکی ڕاستەوخۆ" چییە ؟

خەباتی ڕاستەوخۆ، سیمبولی سەندیکالیزمە لە کار و هەڵسوڕاندا. ئەم شێوازە، دەرخەری جەنگێکی هاوبەشە لە دژی سەرکوت و بەهرەکێشی. بەبێ پەردە، ئاراستە و ڕووی تێکۆشانی نەپساوەی چینی کرێکار لە هێرشی بەردەوامیدا بۆ سەر سەرمایەداری، ڕادەگەیێنێت.

خەباتی ڕاستەوخۆ دەربڕینێکی هێندە ڕوون و هێندە شیاوی لێتێگەیشتنە، کە بە بەکاربردنی دوو واژە، بەئاسانی پێناسەدەکرێت و شرۆڤەدەبێت. بەو واتایەیە کە چینی کرێکار، لە یاخیبوونی هەمیشەیی خۆیدا دژی پێکهاتەی دەوڵەت، هیچ چاوەڕوانییەکی لە کەسەکان، هێزەکان و دەسەڵاتەکانی دەرەوەی خۆی نییە، بەڵکو بەخۆی مەرجەکانی خەباتی خۆی دێنێتە ئارا و لە دەروونی خۆیدا بۆ ئامرازەکانی خەبات دەگەڕێت. واتە لە دژایەتی کۆمەڵگەی جێکەوتەی هەنووکەییدا، کە تەنیا هاووڵاتی بەفەرمی دەناسێت و بەرهەمهێنەر لەبیردەباتەوە. ئەوەی ئەو بەرهەمهێنەرە، پاش ئەوەی کە تێگەیشت هەر پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی خۆی بەپێی سیستەمی بەرهەمهێنانەکەی ڕێکبخات، بۆ لابردنی خاوەنکار و بەدەستهێنانی دەسەڵات لە شوێن بەرهەمهێناندا تێدەکۆشێت و ڕاستەوخۆ هێرشدەکاتە سەر شێوازی سەرمایەدارانەی بەرهەمهێنان بۆ ئەوەی بیگۆڕێت؛ کە بۆ بەهرەمەندبوون لە ئازادی ڕاستەقینە، مەرجێکی پێویستە.

# ڕەتکردنەوەی دیمۆکراسی

خەباتی ڕاستەوخۆ، لە نێوەڕۆکدا واتە چینی کرێکار لەجیاتی کڕنووشبردن بۆ پرنسیپلەکانی دەسەلاّت، ئامێتەی بیری ئازادیخوازانە و خۆبەڕێوەبەرایەتی دەبێت. لە ئێستادا، سوپاسگوزاریی بۆ بنچینەکانی دەسەلاّت، کە پایەی دونیای هاوچەرخە - دیمۆکراسییە وەك دوا دەستکەوت-، ئەوەی کە مرۆڤ بە هەزاران زنجیر و مێخی ماددی و مۆراڵی بەجێی خۆیەوە کۆتوبەندکراوە، هیچ بوار و هەلێك بۆ خستنەڕووی داخوازی و داهێنانی ڕاستەقینەی نادۆزێتەوە.

لە ڕەتکردنەوەی دیمۆکراسی و هەڵە و ڕیاکاری و لە ڕەتکردنەوەی دوا شێوەی بەرجەستەبووی دەسەلاّتدایە [ئۆتۆریتە]، کە شێوازی سەندیکالیستی بەگشتی سەرهەڵدەدا. لەبەرئەوە، خەباتی ڕاستەوخۆ لە کەتواردا ڕێك ژیاندنەوەی بنەمای ئازادی و کەتوارکردنییەتی لە نێوان جەماوەردا؛ ئەم جارە ئازادی نەك وەك بۆچوونێکی ئەبستراکت و ناڕۆشن و نادیار، بەڵکو بەشێوەی تێگەیشتنێکی ڕۆشن و کردەیی بەدەستدێنین، کە خەبات و بەرگرییەکانی سەردەمی ئێمە دەژێنێتەوە: ئەم ئازادییە لەنێوبەری گیانی فەرمانبەری و گۆشەگیرییە، کە مرۆڤەکانی تێکشکاندووە و کردوونی بە کۆیلەی خۆپەرست؛ هەروەها پەرەپێدەری گیانی شۆڕشگێڕییە، کە کۆمەڵگەی مرۆیی بەربەخشدەکات.

لێکترازانی بنەڕەتیی و تەواوەتی نێوان کۆمەڵگەی سەرمایەداران و دونیای کرێکاران، بەو جۆرەی کە لە خەباتی ڕاستەوخۆدا هەیە، لە دروشمی ئەنجومەنی نێونەتەوەیی کرێکاران ( IWA /

International Worker's Association – AIT/ Association Internationale des Travailleurs) دەربڕدرابوو: " ڕزگاربوونی کرێکاران تەنیا بەدەستی خودی کرێکاران خۆیان مەیسەردەبێت". بە گرنگیدانی فرەتر بە ڕێکخراوە ئابوورییەکان، کۆمەکی گرنگ بە کەتوارییکردنی ئەم جیاییە دەکات. IWA/AIT بەدروستی لەوە تێگەیشتبوو، کە ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی پێویستە لە خوارەوەڕا دەستپێبکات و ئاڵوگۆڕی ڕامیاریی بەتەواوی سەرەنجامی ئاڵوگۆڕگەلێکن، کە لە سیستەمی بەرهەمهێناندا ڕوودەدەن. هەر لەبەرئەوەشە، لە چالاکی یەکێتییە پیشەییەکاندا، کە بێجگە لە خەباتی ڕاستەوخۆ شتێکی دیکە نین، پێشوازیدەکرێت، ئاسایی و ڕەوابوون بە کارایی و زێندوویەتی پێبەخشینیان دەدا و کردوونی بە پرسێکی سەرەکی، ئەویش ئەوەیە، کە لە خەباتی ڕاستەوخۆ بەولاوە واتایەکی دیکە نابەخشێت.

خەباتی ڕاستەوخۆ لە ڕاستیدا هەمان کاری ئاسایی یەکێتییەکانە و بەڵگەی بوونی ئەوانە؛ داخوازی سنووردارکردنی کارکردی وەها ڕێکخراوگەلێك، داخوازییەکی نەزانانەیە؛ هەروەها بۆچوونی کۆبوونەوەی موچەوەرگران بەئامانجی ئامادەکردنیان بۆ ڕازیبوون و بەرگەگرتنی چارەنووسێك کە کۆمەڵگەی بۆرجوازی بۆ ئەوانی دیاریکردووە (بەرهەمهێنان بۆ کەسانی دیکە)، لە گاڵتەجارییەك بەولاوەتر نییە. زۆر ئاشکرایە، کە ئامانجی کۆبوونەوەی کەسەکان لە یەکێتییەکاندا، سەرەڕای بوونی بۆچوونی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتیی و ڕامیاریی، لەتەك یەك هاریکارییکردن و ڕێکخراوبوون، وەك کەسە سەربەخۆکان، بۆ داکۆکی لەخۆکردن و خەباتی ڕاستەوخۆیە. بەرژەوەندی هاوبەش لەوێدا کۆیاندەکاتەوە؛ ئەوان خۆبەخۆ ڕاکێشیدەبن. لەوێدا، لەم پەروەردگایانەی ژیاندا، دەستبەکاری و بەرنامەڕێژی و

پەروەردەبوونیان ڕوودەدا؛ یەکێتییە پیشەییەکان، هوشیاری کرێکاران، کە بەهۆی دەمارگیری و کینەدۆزیی چێنراو لەلایەن چینی سەروەرەوە، لاوازکراوە، دەبوژێنێتەوە؛ چاویان بە پێداویستی ڕۆژانەی خەبات و شۆڕش دەکاتەوە؛ ئەوان، بە ڕێکخستنی هەوڵەکانیان، بۆ تێکۆشانە کۆمەڵایەتییەکان ئامادەدەکات. بە وەها فێرکارییەك، بەم جێیە دەگەین، کە هیچ کەسێك، هیچ کات، لە شوێنگەلێك، کە هەستی بە کەسانی دیکە نەسپاردووە، بۆخۆی دەست بەچالاکی بکات. لەم ڕاهێنانانەدایە کە تاك هەست بەبوونی خۆی دەکات، گشتێتی خەباتی ڕاستەوخۆش، لە ستایشی ئەم بوونەدایە. بەم جۆرە، کارزانی، مۆڕاڵ، کەسایەتی و توانایی بەرجەستەبوونی کەسایەتی دەخرێنە بەردەستی. خەباتی ڕاستەوخۆ، باوەڕ بەخۆبوونمان فێردەکات! پشت بەخۆبەستنمان فێردەکات! بەسەرخۆدا زاڵبوونمان فێردەکات! چالاکی بۆخۆبوونمان فێردەکات!

هەنووکە، ئەگەر ئەمانە لەتەك شێوازی سوودوەرگرتن لە ڕێکخراوگەل و کۆمەڵە دێمۆکراتیکەکان بەراوردبکەین، دەبینین کە ئەوانە هیچ شتێکی هاوبەشیان لەتەك ئەم هەوڵە پەیگیرە بۆ بردنەسەرەوەی هوشیاری نییە و ناشتوانن لەتەك ئەم شێوە کارکردنەی کە لە ڕێکخراوە ئابوورییەکاندا ڕوودەدا، بگونجێن. هیچ سەلمێنەرێکمان نییە، وێنابکەین، کە بتوانین ئەم شێوازانە یەکێکیان بگۆڕین بە شێوازی دیکە. خەباتی ڕاستەوخۆ، بەهۆی ناکۆکی لەتەك کارکردی کۆمەڵەگەلی دێمۆکراتیك، کە دواجار ڕوویان لە سیستەمی نوێنەرایەتییە (هەروەها بەگوێرەی ئەوە نادەربەستوونی کەسانی ژێردەستی لە خۆگرتووە)، لە دەرەوەی بواری ئابووری شتێکی بێمانایە. دێمۆکراسی لەمانەدا کورتدەبێتەوە: بڕوا بە نوێنەرایەتی ئەوانەی سەرەوە بکەن!

پەنایان بۆ بەرن! پشت بەوان ببەستن! کارەکان بەوان بسپێرن!

سروشتی کاری تاکەسی و خۆبەڕێوەبەریی چینی کرێکار، کە لە خەباتی ڕاستەوخۆدا کۆبووەتەوە، بە جێبەجێکردنی لە بواری ئابووریدا دەبیندرێ و سەرجیدەدرێتێ؛ لەوێدا گشت هەڵەکان شیاوی چارەسەردەبن، شوێنێك بۆ خراپتێگەیشتن نییە و هەموو تێکۆشانەکان لە خزمەتی مەبەستێکی بەسوود و دیاریکراوادا دەبن. بەم جۆرە، دەزگە داڕێژراوەکان بۆ چالاکی دێمۆکراتیك، کە کەسانێکیان بەداخوازی کۆمەڵایەتیی دوولا ناکۆك بەیەکیان کۆکردوونەتەوە و لە ڕاستیدا لە بزووتن بەجێدەمێنن. لێرەدا دوژمن دەبینرێت. بەهرەکێشان و ستەمکاران ناتوانن هیوای خۆشاردنەوەیان لە پشت دیوجامە هەبێت، یان بیانەوێت بەپۆشینی دێوجامەی ئایدیۆلۆجی خەڵکی بەلاڕیدابەرن: ئەوانە دوژمنی چینایەتین و بۆ بەردەوامبوونی بەهرەکێشیان دەبێت بەو ئەندازەیە ئاشکرا خۆیان بخەنەڕوو! لێرەدا، جەنگی دەستەویەخەیە و هیچ شتێك شاراوە نامێنێتەوە. لە بواری ئابووریدا، هەر هەوڵێك بەڵگەنەویستە و بەرهەمێکی پێوەردراوی هەیە؛ بەکورتی، هەر بەرهەڵستییەکی کارا، بە کەمبوونەوەی کەمێك لە ئۆتۆریتەی خاوەنکار و سستبوونی زنجیرگەلێك کە کرێکاریانی بە کارگەوە گرێداوە، بەبوونی ڕێژەی خۆشگوزەرانی دەشکێتەوە. بێ سێ و دوو، لەبەرئەمەیە، کە لێرەدا، خەباتی ڕاستەوخۆ، پێویستی بە یەك دەنگی هاوەڵانی چینایەتییە، تا بتوانن شانبەشان بچنە جەنگەوە و پێکەوە لە دژی دوژمنی هاوبەش بجەنگن.

بە گوێرەی ئەوە، ئەمە ئەنجامگیری دەکەین، کە بە پێکهێنانی هەر ڕێکخراوێکی پیشەیی، پێویستە هەر لە سەرەتاوە ئەوە هەڵهێنجێنن، کە کرێکاران کۆدەبنەوە و ئامادەدەبن، تاوەکو ئاگا

یان نائاگا، بە کاروباری خۆیان ڕابگەن؛ کە ئەوان بڕیاریانداوە لە بەرانبەر خاوەنکارەکانیاندا ڕاوەستن و لەم ڕێگەیەدا تەنیا پشت بە هەوڵەکانی خۆیان ببستن؛ کە مەبەستی ئەوان، خەباتی ڕاستەوخۆیە، بەبێ نوێنەرایەتی و بەبێ سپاردنی کارەکان بە کەسانی دیکە.

خەباتی ڕاستەوخۆ، هەمان کاری یەکێتی پیشەییە، بەبێ پۆشش، بەبێ خەوش، بەبێ لایەنگری لە دەسەڵاتخوازێك لە بەرانبەر دەسەڵاتخوازێکی دیکەدا و بەبێ هیچ کەمکردنەوەیەك لە نێوەڕۆکی کاری یەکێتی پیشەیی، واتە بێ ئاشتیکاری سەرمایەدارانە، بەبێ خۆگونجاندن لەتەك خاوەنکار، بەبێ خافڵبوون لەوەی کە ئاشتی کۆمەڵایەتی لە سایەی سەروەریدا لاف و گەزافلێدانە ؛ کاری یەکێتی پیشەیی، بەبێ بوونی دۆستانێك لەنێو فەرمانداریی (حکومەت)دا و بەبێ هیچ مسۆگەریی یا بەڵێنی کۆمەك لەلایەن میانجیگەرانەوە، خەباتی ڕاستەوخۆیە.

## ستایشی تاك

له ڕوانگەی خەباتی ڕاستەخۆوە، ئازادی توێژەکانی خەڵك کە تا ئەم ساتە خوویان بە تێروانینە سەپێنراوەکانەوە گرتووە، تەنیا لە ڕێگەی سەرلەنوێ بیرکردنەوە و هوشیاربوونەوەوە لەتوانادا هەیە. خەباتی ڕاستەوخۆ، بانگەوازێکە بۆ هەمووان، کە ڕۆڵی خۆیان لەم هەوڵە گشتییەدا بگێڕن؛ خەباتی ڕاستەوخۆ لە تاك دەخوازێت کە چیدیکە هیچ لەباردانەبوو نەبێت، چیدیکە لە سەروو یا لە دەرەوەی خۆی بۆ ڕزگارگەر نەگەڕێت. تاك پێویستە لەسەر پێیەکانی خۆی بوەستێت و چیدیکە ملکەچانە بۆ پێداویستییەکانی کۆمەڵگە خۆی بەدەستەوەنەدات. خەباتی ڕاستەوخۆ ڕاگەیاندنی کۆتایی پەڕجووەکانە (چ ئاسمانی و چ دەوڵەتی) و پاش ڕەتکردنەوەی گشت ئەو هیوایانەی کە پشت بە چارەنووس دەبەستن ( با چارەنوویسی هەرکەسێکیش بێت) مژدەی ئەم بنچینەیە دەدات: **ڕزگاری ئێمە لە دەستی خۆماندایە!**

کەسانێکی زۆر، سەرەڕای جیاوازبوونی باوەڕی ڕامیاریی و کۆمەڵایەتیی و خوونەریتیان، توانای لە ڕادەبەدەری خەباتی ڕاستەوخۆیا دەرککردووە و بەم بنچینە بەکەڵك و ڕووراستە کۆمەڵایەتییەوە پەیوەستبوون.

کۆیفەر (Keufer) لە ساڵی 1902دا لەمەڕ هەلومەرجی گوماناویی یەکێتی پیشەیی شووشەسازانی ئەو کات ( کە بارودۆخێکی شێواوی هەبوو) ئاوا دەنووسێت:
شێاوی سەرسوڕمان نییە، کە دەوڵەت سەروکاری لەتەك ئەم بەشانەشدا هەیە. زۆرێك لە هاوڕێیانی ئێمە پێیانوایە خۆتێوەردانی ڕامیاران لە کێشمەکێشە کۆمەڵایتییەکان لە بەرژەوەندییان دەبێت.

بەڵام لە تێڕوانینی ئێمەوە، کرێکارانێك کە بەهاوپشتییەوە لە یەکێتییە لکی و پیشەییەکان یا لە فیدراسیۆنەکاندا خۆیان ڕێکخستووە، زۆر لە ڕامیاران بەهێزترن و توانا و لێهاتوویی پێویستییان بۆ یەکلاییکردنەوەی ڕاستەوخۆی گیروگرفتەکانی خۆیان لەتەك خاوەنکاران هەیە. ئەوان پێویستیان بەهاریکاری هیچ کەس نییە. **پڕۆلیتاریا، پێویستە بەخۆی بە کاروبارەکانی خۆی ڕابگات ...**

ئەمەش بەشێك لە قسەکانی مارسێل سیمبات(Marcel Sembat) بوو لە پارلەماندا:
"خەباتی ڕاستەوخۆ؟ واتە ڕێکخراوبوونی کرێکاران لە یەکێتییە کرێکارییەکان و فیدراسیۆنەکان و ڕێکخراوگەلی لەو جۆرەدا. کرێکاران نایانەوێت، لە بۆ ئەوەی کە هەموو شتێك بەدەوڵەت بسپێرن، یا بەهیوای ئەوەی کە جارجارە پارووە-نانێکیان بۆ فڕێبدرێت، بۆ هەمیشە کڵاوی خۆیان لە بەرانبەر پارلەمان داگرنەخوارەوە. ئەوان دەتوانن پەیوەندی بەیەکەوە بکەن و هێزی خۆیان یەکبخەن.

کرێکارانێك کە ڕەزامەندییان بەم بنچینەیە داوە، ئامێتە بە خەباتی ڕاستەوخۆ دژ بە بەڕێوەبەران دەبن و هەرکاتێکیش دەستبردن بۆ لایەنی یاسایی پێویستبوو، داوا لە یاسادانەر دەکەن و فشاری دەخەنە سەر تا بێتە نێو پرسەکەوە و مل بەداخوازییەکانی ئەوان بدات.
ئەندامانی یەکێتییەکان دەڵێن: ئێمە لەوە تێگەیشتووین، کە ئەوە ڕێسا کۆمەڵایەتییەکانن، کە یاسایان چێکردووە. دەمانەوێت بەرەبەرە ڕێسای خۆمان چێبکەین تا ئاسانتر یاساکەمان بڕیاری لەسەربدرێت و کاری پێبکرێت. ئایا پێویستە کەسێك

بەنوێنەرایەتی هەڵبژێرین، تاوەکو بۆ کارێك کە هەر ئێستاکە بەخۆمان دەتوانین ئەنجامیبدەین، چەنەبازی بکات؟ ئایا دەبێت بێبیانوو و پاساو هەر چاوەڕێبین، کە ئەوان (خاوەنکاران) هەر کات پێویستیانبوو، بەبێ دوودڵی داخوازییەکانیان بەسەر یاسادانەردا بسەپێنن؛ ئایا لە بەرانبەر ئەمەدا پێویستە ئێمە دەستەپاچە دانیشین و تەنیا تەماشاکەری ئەوان بین؟

ئایا هیچ کات پێویستنەبووە، کەسێك چاودێری یاسادانەر بێت؟ ئایا هیچ کات ناتوانین بەخۆمان بیربکەینەوە؟ ئایا هیچ کات بەخراپ لە پلەوپایەمان سوودوەرناگرین؟ کەسانێك کە لەم هەڵانە زیانیان پێگەیشتووە، بوونەتە قوربانی ئەم خراپ-بەکاربردنانە؛ ئایا باشترنییە، کە بەخۆیان بێنە مەیدان و سەرنجی هەمووان بۆ پرسەکان ڕابکێشن و بەخۆیان ڕێگەچارە بخەنەڕوو یا ئەگەر بکرێت بەخۆیان چاکسازیی پێویست بکەن؟

بەڕێزان؛ لەبەر ئەم هۆیەیە کە دەڵێم نیازخراپییەك لە پشت نادروستنیشاندانی هەڵگرانی بیروباوەڕی خەباتی ڕاستەوخۆ خۆی مەلاسداوە: لەبیرتان نەچێت، ئەگەر ئەوان بەبێ پرسی نوێنەرەکانیان، بەخۆیان هەوڵەکانیان بە سەرەنجام بگەیێنن، تەنیا لەڕووی ناچاری و لە ڕکهەستانەوەیە، کە ئاوا دەکەن ...

کەم نین ئەوانەی کە بۆ بەڕێچوونی کاروباریان پێویستیان بە ئێوە هەیە. پێویستنییە بۆ خزمەتکردن بە خەڵك خۆتان لە کاروباری کرێکاران تێهەڵقورتێنن، کە هەموو ئارەزوویەکیان یەکخستنی چینەکەیانە لە یەکێتییە پیشەیی و ڕێکخراوە ئابوورییەکاندا، تا بتوانن بەخۆیان سەربەخۆ داخوازییەکانی خۆیان پەرەپێبدەن .....

ڤان دێر ڤێڵدە *van* de *Velde* لە بروکسڵ لە ( بڵاوکراوەی گەل)دا دەنووسێت:
ئەوەی کە چینی کرێکار بڕیاری خۆی بەپوختەیی بداتە دەست نوێنەرەکانی لە پارلەمان، تاوەکو لەوێوە و بەشێوەیەك کە بە گونجاوی دەبینن، خەباتبکەن، ئەم شێوە خەباتە، تەنانەت توانای لێسەندنی ئێسقان و پلەگۆشتێکی لە سەرمایەداری نییە.

ئەمەمان چەندین جار گوتووە، بەڵام هێشتاکە پێویستە چەندبارەی بکەینەوە، ڕاستییەکی زۆر لە تیئۆری خەباتی ڕاستەوخۆدا هەیە: چاکسازیی (ڕیفۆرم) بنەڕەتی، لەڕێگەی نوێنەرانەوە نایێتەدی.

چینی کرێکاری بەلجیکا، لە بیست ساڵی ڕابوردوودا، بەڵگەیەکی زۆری ئازایەتی و گیانی شۆڕشگێرانەی لە خۆی نیشانداوە، بەڵام هەنووکە دووچاری نائومێدی و نادەربەستی بووە.

لەوانەیە بەرچاوترین هەڵەیەك کە ڕوویدابێت، پشتبەستنی بێکەڵك و لەڕادەبەدەری ئەم چینە بێت بە چالاکی ڕامیاری، کە دەبوو کەمتر لە هەر پرسێکی دیکە لەبەرچاوبگیرێت. لە بواری یەکێتییە پیشەییەکاندا کەمکاری (کاری کەم) کراوە و کرێکاران بەباوبوونی ئەم خۆشباوڕییە ترسناکە، کە سپاردنی کاروبارەکانە بەنوێنەرانی نێوپارلەمان، کە لە ئاسمانەوە گۆشتی سورەوکراو دەبارێنن، یەکێتییەکانیان چۆڵکردووە...

لەبەرئەوە، بەپێی تێروانینی ئەو کەسانە [ هەروەها خۆشمان]، خەباتی ڕاستەوخۆ، بەپێچەوانەی لاوازی کەسێتی و پەیوەندی مەڕ و شوانی، کە دیمۆکراسی باریهێناوە، هەستکردن بە شوناس و

گیانی داهێنانی کەسیی گەشەپێدەدات. خەباتی ڕاستەوخۆ سڕی (تەمەڵی) جەماوەر لەنێودەبات و بەرەو هوشیاربوونەوە دنەیدەدات.

خەباتی ڕاستەوخۆ بڕیارگەلی سەربازییانە بەسەر ژیاری خەڵکدا ناسەپێنێت، هەوڵنادات وەك مەڕ سەرژمێری بکات [ مەبەست لە سەرژمێرکردنە لە هەڵبژاردندا و. ف]. تەواو بەپێچەوانەوە! چاوی دەکاتەوە و هەستی باوەڕبەخۆبوون و خۆڕاگریی پێدەبەخشێت. کاتێك کە دەست بۆ ڕێکخرابوون دەبات، بەرهەمی کاری ڕێکخراوەیی زیندوو و بەرچاوە، لەوێدا زۆربوونی هەژمار ناتوانێت لێهاتوویی و ڕاستی بشارێتەوە. لەم ڕێکخستنانەدا، کەسانی داهێنەر و کەمینەکان [ کە هەمیشە هۆکاری پێشکەوتن بوون و هەنووکەش هەن] خامۆشنابن و دەتوانن بەبێ سەپاندن بە هۆی چالاکی پاگەندەییەوە تێروانینەکانی خۆیان بناسێنن، لە چالاکی جۆراوجۆردا بەشداریبکەن و لەنێوان خۆیاندا بەشێوازی خۆیان کاربکەن.

بهگوێرەی ئەمە، خەباتی ڕاستەوخۆ، کارکردێکی پەروەردەییانەی بێهاوتای هەیە: خەڵکی فێری بیرکردنەوە، بڕیاردان و کارکردن دەکات. دەتوانرێت بەکولتووری خۆبەڕێوەبەرایەتی بخوێندرێتەوە؛ خەباتی ڕاستەوخۆ ستایشی تاکەکەسە، پاڵنەرێکە بۆ داهێنانی کەسیی و ڕێخۆشکەری داهێنانە. ئەم ڕۆڵە بەرجەستە و گرنگەی (خود) لە خەباتی ڕاستەوخۆدا، هیچ کات لەتەك هاریکاری ئابوورییانەی کرێکاران ناکۆك نییە، چونکە هەمیشە بەرژەوەندییەکی هاوبەشە بۆ هاریکاری. ئەم دووانە لە خەباتی ڕاستەوخۆدا، تەبان و هاریکاری یەکدی دەکەن: گەشەکردن و بەرەولوتکەکشانی سەربەخۆیی و چالاکی کەسیی،

تەنیا لە خاکی بە پیتی پێکهاتنی دوولایەنە و هاودڵانەدایە، کە ڕەگدادەکوتن.

بەم جۆرە، خەباتی ڕاستەوخۆ، مرۆڤی گیرۆدە و تێکشکاو لە کۆتوبەندی دەستەمۆیی و لاوازی دیمۆکراسیزەدەیی ڕزگاردەکات. لە بەرانبەردا تاك فێری بەخۆبوون، خواستەی خۆیی دەکات و لەجیاتی سپاردنی ماف بە پارێزەر، تاك فێردەکات، کە چۆن بەخۆی ڕاستەوخۆ لە مافی بڕیاردان کەڵکوەربگرێت. بەم کارە، قاوخی سیستەمی کۆمەڵایەتیی بەلاوەدەنێت و کەشێك سەرهەڵدەدات، کە وزەی مرۆڤەکان، لەجیاتی بەفیڕۆدانی لە چالاکی زیانبەخش و بێکەڵکدا، لە کاروباری بەکەڵکدا بەکارببرێت و بەو هۆیەوە پێداویستییەکانی بەردەوامی گەشەی تاك و کۆمەڵگەی دابینبکرێن.

## پەروەردەکاری چۆنیەتی وەلانانی دارایی [دارابوون]

پەنجا ساڵ لەمەوبەر، لە سەروبەندی ١٨٤٨دا، کۆماریخوازەکان، کە ئەو کات هێشتاکە باوەڕێکیان هەبوو، ناچاربوون دان بەوەدا بنێن، کە سیستەمی نوێنەرایەتی چەندە خۆشباوەڕانە، درۆزنانە و لاوازە، کەوتنە دوای دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەك بۆ پەڕوپینەی ئەم کەموکوڕییانە. ڕیتینگهاوزن (Rittinghausen) یەکێك لە شەیدایانی ئەو سیستەمە ڕامیارییە بوو و بۆ پێشکەوتنی مرۆڤ بەپێویستی دەزانی؛ ئەو کەوتە پاگەندەی ئەوەی کە ڕێگەچارەی ئەم گرفتانەی لە "نوێنەرایەتی ڕاستەوخۆ"دا دۆزیوەتەوە. لەلایەکی دیکەوە، پرۆدۆن (Proudhon) ڕێڕەوی سەندیکالیستی پێشنیارکرد و پێیوابوو، کە فیدرالیزمی ئابووریی لەو چەمکە نەزۆکە ڕامیارییانە باشترە و بە سەرهەڵدانی، گشت ئەوانە دەخرێنەلاوە. گەشەپێدانی ڕێکخراوە کرێکارییەکان بە فیدرالیزمی ئابووریی، مسۆگەرکەری پێکهاتنی ڕێکخراوە پیشەییەکانە بۆ ئەنجامدانی هەر کارێکی تایبەت و بەکەڵك؛ لەوێوە کە بەڵگەی [خۆشباوەڕانەی] بوونی دەوڵەت هەر ئەمەیە، بە پێکهاتنی ئەم یەکێتییانە، کارکردە ستەمکارانە و بەرتەسککەرەکان و زیانبەخشەکانی دەوڵەتیش کە هۆی مانەوەی کۆمەڵگەی سەرمایەدارانەن، لەنێودەچن.

بەڵام بۆ لە تواناداوونی ئەم ئاڵوگۆڕانە، سەرەتا پێویستە زەمینەی پێویست، لە خودی ئەم کۆمەڵگەیەدا و لەلایەن کەسانێکەوە کە بڕیارە دواجار ئاڵوگۆڕەکان ئەنجامبدەن، بڕەخسێنرێت. بە ئەنجامدانی ئەم کارە سەرەتاییانە ئەرکی چینی کرێکارە.

بەهەمان شێوە، کە چێکردنی خانوویەك لە بناخەوە دەستپێدەکات، ئەم ئاڵوگۆڕە دەروونییەش، کە وەلاتانی توخمە پێکهێنەرەکانی دونیای کۆن و بەکاربردنی شێوازەکانی دونیای نوێیە، دەگرێتەوە، پێویستە لە خوارەوەرا دەستپێبکرێت. لێرەدا چیدی قسە لەربارەی بەدەستهێنانی سەرۆکایەتی دەوڵەت، ئاڵوگۆڕی دەستورنامەی دەوڵەت یا گۆڕینی کارمەندەکانی دەوڵەت ناکەین: لێرەدا قسە لەسەر خواستی ئاڵوگۆڕی میکانیزمەکانی بەرهەمهێنانە، پێویستە بەڕێوەبەرانی کارگە و کارخانە وەلابنرێن و لەجیاتی بەرهەمهێنان بۆ سوود، کە ئەوڕۆکە ئەنجامدەدرێت، پێویستە بەرهەمهێنان سۆشیالیستی (هەرەوەزی) و بۆ هەمووان بێت ... لەنێوبردنی دەوڵەتیش سەرەنجامی لۆجیکیی ئەم ئاڵوگۆرە دەبێت.

کاری لێسەندنەوەی دارایی دەستپێدەکات و لە کاری ڕۆژانەدا دژی سەرمایەداران و بەڕێوەبەرانی بەرهەمهێنان، بەرەوپێش دەبرێت؛ بەرتەرییەکانیان [امتیازەکان] بەرەبەرە دەسەندرێنەوە، ڕەوایەتییان بۆ ڕابەریی و دەسەڵاتداریی لە گۆڕدەنرێت و پاگەندەیەك کە بە بەهانەی سەرمایەگوزاری لەسەر بەرهەمی کاری کەسانی دیکە هەیانە، بە دزی هەژماردەکرێت. بەم جۆرە، بەرە بەرە ئامادەدەبین، کاتێك کە زەمینە ڕەخسا، بەگشتی و بۆ هەمیشە لە کارگە دەریاندەکەینە دەرەوە.

گشت ئەم هەوڵانە، کە لە هەناوی سیستەمەکە و بەشێوەی ڕۆژانە ئەنجامدەدرێن، خەباتی ڕاستەوخۆن. کاتێك کە چینی کرێکار، هێز و هوشیاریی خۆی پەرەپێدەدات و ئامادەی لەنێوبردنی سەرمایەی سەرمایەداران بوو، ئەوەش خەباتی ڕاستەوخۆ دەبێت!

بەڵام ئەگەر بڕیارە کاری لەنێوبردنی دونیای بەهرەکێشی کۆن بێتەدی، پێویستە چینی کرێکار لەتەك هەلومەرجی بەدیهێنانی نەزمی نوێی کۆمەڵایەتیدا ئاشنابێ و زەمینە و ویستی بەرپاکردنی بەدەستبهێنێت: لە بەرەوڕووبوونی ئەو گیروگرفتانەی کە دێنەپێشەوە، پێویستە تەنیا بە هەوڵە ڕاستەوخۆکانی خۆی و توانا و هەبوونەکانی خۆی پشتببەستێت. پێویستە چاوی هیوای خۆی لە بەرانبەر بەڵێنی منیانجیگەراندا بنوقێنێت، چونکە بە چالاکی ئەوانە، هیچ کات بەهرەکێشی ڕیشەکێشناکرێت و هەموو جارێك بە دەمامکێکی تازەوە، درێژە بە ژیانی خۆیان دەدەن.

# شۆڕش بەرهەمی خەباتی ڕۆژانەیە

هەروەك پێشتر گوترا، بۆ كردنەوەی ڕێ، پێویستە بۆچوونە تازەكان جێگەی چەمكە سنووردارکەرەكان و ڕێساكانی كۆمەڵگەی پێشوو بگرنەوە، تاوەكو زەمینەی جێبەجێكردنی داخوازی-یەكانمانیان هەبێت. تاكە ڕێگەی فێربوونی ئەم بیرۆكانە، گرتنەبەری شێوازەكانی سیستەمی خەباتی ڕاستەخۆیە. خەباتی ڕاستەوخۆ، لە ڕاستیدا بیرۆكەی فراوانی خۆبەڕێوەبەرایەتی و هاوپشتی مرۆییە، كە بە چالاكی كردەیی كاراتر دەبێت، دەبێتە هۆی سەرهەڵدان و كەتواریبوونەوەی بۆچوونی جێگرتنەوەی بێنەزمی هەنووكەیی كۆمەڵایەتی، بە پێكهاتەیەك كە كرێكاری تەنیاش لەوێدا شوێنی خۆی دەبێت و هەموو مرۆڤێك بتوانێت ئامادەییەكانی خۆی بەو جۆرەی كە دەخوازێت، گەشەپێبدات.

بە كۆمەكی خەباتی ڕاستەوخۆ، ئامادەسازیی ژێرخانی كۆمەڵگەی داهاتوو، كەمترین تێوەردانی لەتەك كاری ڕۆژانەدا پەیداناكات. باشیی تاكتیكی خەباتی ڕاستەوخۆ، بەزۆری لە گونجانی بێوێنەیدایە: ڕێكخراوگەلێك كە چالاكانە لە كارە كردەییەكاندا بەشداریدەكەن، چیدیكە پێویستنییە تا كاتی هاتنەپێشەوەی ڕوودانی ئاڵوگۆڕی گەورەی كۆمەڵایەتی بێكاربمێننەوە. ئەم جۆرە ڕێكخراوانە لە كاتێكدا دەژێن و لە هەموو تواناكارییەكانی بەردەست سوودوەردەگرن؛ بەم جۆرە نە ئێستا دەبێتە قوربانی داهاتوو و نە داهاتوو دەبێتە قوربانی ئێستا. بەم جۆرە دەبینین كە خەباتی ڕاستەوخۆ توانایی سەرسوورهێنەرانەی لە دەست و پەنجە نەرمكردنی هاو كات لەتەك پێداویستییەكانی ئێستا و داهاتووشدا هەیە؛

بەم گونجاندنە فراوانە لە بەرەوپێشبردنی دوو جەمسەری کاردا، ئامانجێك کە تێکۆشانی لەپێناودا دەکرێت، نە سێبەر بەسەر کەتوارەکاندا دەکات و نە لە بەرانبەر بەرژەوەندی ڕۆژانەدا نادیدە دەگیردرێت، بەڵکو باشتر پێناسەدەکرێت، بەرچاوتر و بەرجەستەتر دەبێت.

بەگوێرەی ئەمە، قسەی کەسانێك کە دەڵێن " ئەو شۆڕشانەی کە باوەڕییان بە خەباتی ڕاستەوخۆیە [ خوازیاری هەموو یا هیچن] ، قسەی پوچ و هەڵەن. هەڵبەتە ئەوە دروستە، کە ئەوان خوازیاری سەندنەوەی هەموو شتێکن لە بۆرجوازی! بەڵام تا پێش خڕبوونەوەی هێزی بەس بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە گەورە [هەڵوەشاندنەوەی دارایی تایبەتی]، ئاوا نییە کە بە وێناکردنەکانیان دڵخۆشبکەن و لە چاوەڕوانکردنی شتی سەرسووڕهێنەردا دانیشن، بەڵکو لە هەر هەلێك بۆ بەرەوپێشچوونە بەشییەکان کەڵك وەردەگرێت. لە کاتێکدا کە بەم پێشکەوتنە بەشییانە [جزئي]، بەرتەرییەکانی سەرمایەداران کەمتردەبنەوە و ڕێگە بۆ خواستە گەورەکانی دواتر خۆشتر دەکەن.

لەبەرئەوە، خەباتی ڕاستەوخۆ، ژیانەوە و بزووتنی گیانی شۆڕشگێڕیی و کاری چینایەتییە؛ خەباتی ڕاستەوخۆ پەرەپێدەری شۆڕش و خەباتی چینایەتییە، لە مەیدانی تیۆرییەوە پێ دەنێتە مەیدانی کار و جێبەجێبوونەوە؛ خەباتی ڕاستەوخۆ، خەباتی چینایەتییە، کە بەگوێرەی بەرنامەی ڕۆژانە ئەنجامدەدرێت و هێرشێکی بەردەوام و پڕجووڵەیە بۆ سەر سەرمایەداری.

لەبەرئەوەیە، کە ڕامیاران (نوێنەران) و دەستەبژێران و پاپاکانی

دێمۆکراسی، ئەوەندە سوکایەتی بە خەباتی ڕاستەوخۆ دەکەن ئەم میانجگەرانە ئاوا ڕاهاتبوون، کە خۆیان بە قسەکەری پڕۆلیتاریا نیشانبدەن؛ هەنووکە کە چینی کرێکار گرنگی بە دێمۆکراسی نادات و ڕێگەی خۆی لە بواری ئابووریدا گرتووەتەبەر، چاوەڕوانی چ کارێکی دیکەیان لێ دەکرێت؟

ئەگەر بۆرجوازییش زیاتر لە میانجیگەران سووکایەتی بە خەباتی ڕاستەوخۆ دەکات، ئەمەش هەر لەبەرئەوەیە! ئەوان، ئەگەر بەدەنگهاتوون، لەبەرئەوەیە، کە بەهێزبوونی ڕۆژانەی چینی کرێکار لە ڕێگەی خەباتی ڕاستەوخۆوە، سەرەتای لەنێوچوونی ئەوان و تێکشکانی نەزمە کۆنەکەیان دەبێت. دەزانن کە پشتبەشتنی چینی کرێکار بە سەرچاوەکانی وزەی خۆی و چاکسازی تەواوی بیرکردنەوەی خۆی، سەرەتای ڕێگەی چێکردنی کۆمەڵگەیەکی تەواو جیاواز و تازەیە.

## پێویستبوونی تێکۆشان

قسەکردن لەسەر پێویستی خەباتکردن ئەوەندە گشگیربووەتەوە، کە لەوانەیە پێشنیارکردنی لێرەدا شیاوی گاڵتەپێکردن و نابەجێ بێتەبەرچاو.

لە ڕاستیدا ئەگەر خەبات بخەینە لاوە، مەگەر بێجگە لە بێدەنگی، بێهزری و وەرگرتنی دۆشداماوانەی کۆیلەتی، هیچ شتێك لهم دونیایەدا دەمێنێتەوە؟ مرۆڤەکان لە کاتی سستی و بێخەباتیدا، تا ئاستی شتگەڵی چوارلاق دادەبەزن؛ دەبنە کۆیلەی گرفتاری ڕەنج و نائومێدی؛ توانای بیرکردنەوەیان لەدەستدەدەن، چاویان دەبەسترێت، نە دەتوانن داهاتوو بهێننە پێشچاویان و نە دەتوانن هیچ هەلێکی باشبوونی ڕێوشوێنیان بەدەستبهێنن.

بەڵام خەبات، شتی سەیر بە دوای خۆیدا دەهێنێتە بوون! تاکەکان لە سستی دەردەکێشێت و دەیانخاتەوە بزووتن، مێشکی پوکاوەیان دووبارە دەخاتەوە کار و هێزی گەرمکەرەوە لە ناخی هەڵاوەژووبوویاندا دروستدەکات.

خەبات ئافەرێنەری ژیانە ... ڕاستر و سادەتر بڵێین، خودی ژیانە ... خەباتکردن زیندوومانەوەیە!

# پەڕجووی تێکدان

بەڵام ئەمەش بەتەنیا بەس نییە! هێشتاکە پێویستە لەسەر ئەم بابەتە کاربکرێت، بەهای هەوڵەکان نیشانبدرێت، چەندە فێرکارییە بەلارێدابەرە زەبەندەکان مێشکی نەوەکانی پێشتریان سڕیوەتەوە، بیرۆکەی لاواز و نادروستیان بەسەردا سەپێنراوە. پاگەندەکانی بێکەڵکیی هەوڵیان تا ئاستی تێڕوانینی زانستی بەرزکردووەتەوە. دەڵێن پێویست بە شۆڕش نییە، هەموو داخوزییەکانمان لە درێژەی ڕەوتێکی نەگۆڕدا خۆبەخۆ بەدەستدێن. دەڵێن هەلومەرجەکان وەها پێشدەکەون کە دەزگەکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری بگەنە خاڵی قەیران، ئەو کات ئەم سیستەمەی ئێستا خۆبەخۆ شەقدەبات و لەنێودەچێت! بەم قسانە، بەو سەرنجامە دەگەن، کە هەوڵەکانی تاك لە بواری ئابووریدا، کارایی لەسەر ڕەوتەکە دانانێن و خەباتی دژی ڕێگرییەکانیش هیچ سوودێکی نابێت. بەم جۆرە تەنیا یەك کار دەمێنێتەوە، کە بە سوودی لەبەرچاوبگرن: ئەم کارەش ئەوەیە کە تێکۆشەرانی خۆیان بنێرنە ناو پارلەمانی بۆرجوازی و چاوەڕێ بمێننەوە تا کاتی گونجاو، بڕیار لەسەر یاسایەکی گونجاو بدەن.

ئاوا بیریاندەکردەوە، کە کاتی خۆی بێتە پێشەوە، ئەم ڕووداوە بە شێوەیەکی میکانیکی ڕوودەدات... خڕبوونەوەی سەرمایە، کە بەگوێرەی یاساکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بێچەندوچوون؛ لەژێر کارایی ئەودا، هەژماری خاوەنکاران و سەرمایەداران بەردوام کەمتر دەبێتەوە ..... ڕۆژێك دێتەپیشەوە، کە نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خەڵکی، کە لە ڕێگەی دیمۆکراسییەوە بە پارلەمان گەیشتوون، بتوانن بە سوودوەرگرتن لە توانا یاساییەکان،

فەرمانی لێسەندنەوەی دارایی لەم هەژمارە کەمەی بارونەکانی سەرمایەداری جێبەجێبکەن.

ئەم چاوەڕوانییە دەستەمۆییانە بۆ هاتنی مەسیحی[ شۆڕش] چە خۆشباوەڕییەکی نەزانانە و مەترسیداری لە خۆ گرتووە! وەرگرتنی دەسەڵاتی ڕامیاریی بەم شێوازە بەدرێژایی چەند ساڵ یا چەند سەدە بە ئەنجامدەگات؟ تەنانەت پاش ئەوە، بە ئەگەری ئەوەی کە دەسەڵاتی ڕامیاریش بەدەستهات، ئایا ئەو کاتە هەژماری سەرمایەداران بە کەتواری بە ئەندازەیەکی پێویست کەمدبێتەوە؟ تەنانەت بە ئەگەری ئەوەی کە سەرمایەدارە گەورەکان بە گەشەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، وردەبۆرجوازی قوتبدەن، ئایا ئەمە بەواتای پەیوەستبوونی وردەبۆرجوازی پێشووتر بە ڕیزی پڕۆلیتاریاوە دێت؟ ئایا ئەوان ناتوانن لەنێو سەرمایەدارە گەورەکان شوێنێك بۆ خۆیان بکەنەوە؟ ئایا بەهیچ شێوەیەك دەتوانرێت هەژماری کەسانێك کە بەبێ بەرهەمهێنان دەژین، لەوەی ئەم ڕۆژگارە کەمتر بێت؟ ئەگەر وەڵامی هەموو ئەمانە ئەرێ بێت، دیسانەوە، ئایا ئەو سوودبەرانەی کۆمەڵگەی کۆن، ئامادەدەبن بەبێ بەرێخستنی خەباتێکی لەنێوبەر، مل بە فەرمانە یاساییەکانی پارلەمان بدەن؟

ئەگەر ئاوا بیربکەینەوە، ئەوا چینی کرێکار، تا پێش ڕوودانی گشت ئەم شتە لە توانابەدەرانە سەرلێشێواو دەمێنێتەوە. ئایا دەبێت کرێکاران سەرلەنوێ ئەم هەڵەیە دووبارە بکەنەوە؟ ئایا دەبێت بەم جۆرە دەستەمۆی ئەو خۆشباوەڕی و ناڕۆشنیانە بمێننەوە، کە بەبێ هیچ هەوڵێکی ڕاستەوخۆ لەلایەن خۆیانەوە، شۆڕش سەرهەڵدەدا و هەموو نەبوونییەکان دەخەنە بەردەستیان؟

# یاسای بەناو ئاسنین

بەڵام شتەکە لێرەدا کۆتایی نایێت، تەنانەت ئەگەر فریوی ئەم باوەڕە مەسیحیانە بە" شۆڕش " بخۆین، هێشتاکە بۆ هەرچی فرەتر ساردکردنەوەمان و هەرچی زیاتر ڕازیکردنمان بەوەی کە ناتوانرێت کارێك ئەنجامبدەین و ڕێگەی ڕزگاری نییە و بۆ ئەوەی کە هەرچەندە قوڵتر لە لیتەی بێخەباتی و دۆشداماندا ڕۆبچین، (یاسای ئاسنینی کرێکان) پێشنیاردەکەن. دەڵێن بەگوێرەی ئەم یاسا بێبەزەییانە (کە بەزۆری بەهۆی کارەکانی فێردیناند لاسال Ferdinand Lassalle بەدەستهێنراون)، لەم کۆمەڵگە هەنووکەیەدا، هەر هەوڵ و کارێك، کاتبەفیڕۆدانە، چونکە کاردانەوەی خودکاریی چێکراوی ئابوورییە، هێڵی هەژاری وەها ڕێکخستووە، کە پڕۆلیتاریا نەتوانێت لێی تێپەڕبکات.

ئەم یاسا ئاسنینە ( کە گۆڕاوە بە یەکێك لە بنچینە ژێرخانییەکانی سۆشیالیزم) دەریدەخات، کە "بەگوێرەی بنەمایەکی گشتی، بڕی نێوەنجیی کرێ نابێت لە لایەنیکەمی پێویستییەکانی زیندوومانەوەی کرێکار کەمتربێت". هەروەها دەگوترێت کە " ئەمە، تەنیا بەرکاری فشاری سەرمایەیە، کە بۆی هەیە ئەم ئاستە تەنانەت بۆ ژێر لایەنیکەمی پێویستی گوزەرانی کرێکار دابگیردرێت.... تەنیا هۆکارێك کە ئاستی کرێکان دیاریدەکات، کەمی و زیادی هەژماری بێکارانە لە بەرانبەر کرێکارانی لەسەرکار"..

هەروەها بۆ خستنەڕووی بەڵگەیەك لەسەر کارکردی ئەم یاسا بێبەزەییە، کە کرێکاران لەتەك کاڵای بێگیان و بێنرخ بەراورددەکات: ئەگەر بڕێکی زۆر لە پەتاتە لە بازاردا هەبێت،

ئەوا فرۆشیاران ناچار دەبن پەتاتەکەیان بە هەرزان بفرۆشن؛ بەڵام ئەگەر بڕی پەتاتەی نێو هەمباری فرۆشیارانی بازار کەمبێتەوە، نرخەکان سەردەکەون.... لەبارەی کرێکارانیشەوە بەم جۆرەیە، موچەی ئەوان، وابەستەی کەمی و زۆرییان لە بازاردایە!

هیچ باسێك لە دژی ئەنجامگیری ئەم دەربڕینە پوچە بەرچاونەکەوتووە: لەبەرئەوە دەکرێت یاسای کرێکاران بەدروست نیشانبدرێت.... هەڵبەتە تا کاتێك کە کە کرێکاران خۆیان هاوتا و هاوبەهای کاڵایەکی هیچی وەك پەتاتە بزانن! تا کاتێك کە کرێکاران وەك گونییەك پەتاتەی بێدەسەڵات و بێکاردانەوە ببین و مل بە بەرز و نزمی کرێکان بدەن ... تا کاتێك کە پشتی خۆیان کوڕبکەنەوە و مل بە فەرمانەکانی سەروەران بدەن... ئەو کات یاسای کرێکان کاردەکات.

بەڵام کاتێك کە ڕۆشنایی هوشیاری گیانی کردەبەر ئەو کرێکارە [پەتاتەییە و گەڕاندییەوە بۆ ژیان، ئەو کات بارودۆخەکان دەگۆڕدرێن. کاتێك کە کرێکار لەجیاتی ملدان بە سەپاندنی چارەنووس، لەجیاتی بێدەنگی و سستی، لەجیاتی دوورەپەرێزی و دۆشدامان لەبارەی بەهای خۆیەوە وەك مرۆڤێکی هوشیار، گیانی یاخیبوون سەراپای بوونی گرتەوە؛ کاتێك کە پڕ لە وزە و توانا و چالاك کەوتەڕێ؛ کاتێك کە لەجیاتی تەریککەوتنەوە لە هاوکارەکانی، لەتەکیان پەیوەندیگرت و ئەوانیش وەڵامیاندایەوە؛ کاتێك کە کۆمەڵە کرێکارییەکان هاتنەبوون.... ئەو کاتە و هەر لەتەك بەگەڕکەوتنی ئەم گیانەیە، کە هاوسەنگی گاڵتەجارییانەی پاگەندەکانی یاسای کرێکان شکستدەخوات.

# هۆكاری نوێ: ویستی كرێكار!

هۆكارێكی نوێ لە بازاری كاردا پەیدابووە: ئەویش ویستی كرێكار! ئەم هۆكارە لە نرخدانان لەسەر پەتاتە و دانەوێڵەدا بوونییە، بەڵام لە دیاریكردنی كرێكاندا كارایی دادەنێت؛ كارایی، لەوانەیە بە ڕادەی بەرەنگاری هێزی كار، كە لە ئەنجامی هاوئاهەنگی ویستە كۆوەبووە تاكییەكانی كرێكاران لە سەندیكادا بێت؛ بەڵام بەهێز بێت یا لاواز، بە هیچ شێوەیەك بواری بۆ نكۆڵیلێكردن نەهێشتوەتەوە.

ئەم هۆكارە نوێیە، هاوپشتی یەكدی كرێكارانە لە بەرانبەر ویستی سەرمایەداراندا و دەیسەلمێنیت، كە لەوە زیاتر ملكەچ ناكات. نایەكسانی دوو جەمسەرەكە ( كە كاتێك بەهرەكێش لەتەك كرێكارێكدا بەتەنیا ڕووبەڕووبێت، نكۆڵی لێناكرێت)، ئەم نالەبارییە بە توندوتۆڵبوونی یەكێتی نێوان كرێكاران، كەمتر و كەمتر دەبێتەوە. لەوە بەدواوە، بەرەنگاری پڕۆلیتێرەكان دەبێتە دیاردەیەكی ڕۆژانە، هەروەها ململانێی نێوان كرێكار و سەرمایهدار، خێراتردەبێت و توندتردەبێتەوە. بەو جۆرە نییە، كە كرێكاران هەردەم لە خەباتی بەشییدا سەركەوتوو بێنەدەر؛ بەڵام تەنانەت ئەگەر شكستیش بخۆن، هێشتاكە كەڵكیان لێ وەرگرتووە: هەر ئەم بەرەنگارییە، بۆخۆی تا ڕادەیەكی زۆر پێش بە زیاترخوازی فرەتری خاوەنكار دەگرێت و تەنانەت بۆی هەیە لە ڕەوتی خەباتدا، خاوەنكاران ناچار بە ملدان بە هەندێك لە داخوازییەكانی دیكەی كرێكاران بكات. باوەڕی سەندیكالیزم بە هاوپشتی گشتی لێرەدایە، كە خۆی نیشاندەدات: سەرەنجامی ئەم خەباتە، بۆ هاوچینانی كەمتر هوشیار، كە پێیاننەناوەتە خەباتەوە، بەكەڵكە و بەرەنگاریكەرانیش لە چێژی مۆڕاڵی خەبات بۆ خۆشگوزەرانی هەمووان [ نەك تەنیا خۆیان] بەهرەمەنددەبن.

تیئۆریزەکەرانی ( یاسای پۆلایین) بەباشی لە کاراییدانانی یەکێتی کرێکاران لەسەر زیادکردنی کرێکان ئاگاداربوون. کەتوارەکان وەها بەڵگەنەویستن، کە نکۆڵیلێکردنی پەیگیرانەیان زۆر دژوار دێتەبەرچاو. بەڵام ئەوان پاگەندەی ئەوە دەکەن، کە لەپاڵ چوونەسەری کرێکاندا، چوونەسەر لە خەرجی گوزەرانیشدا سەرهەڵدەدات؛ سەرەنجام، توانای کڕینی کرێکار جێگیر دەمێنێتەوە، سودێك لەم زیادکردنە بەر کرێکار ناکەوێت.

هەڵبەتە لە هەندێك باردا دەتوانرێت وەها ناکاراییەك بەدیبکرێت، بەڵام گونجانی چوونەسەری خەرجی گوزەران لەتەك چوونەسەری کرێکان وەها جێگیرنییە و گشتگیرنییە، کە وەك بنەمایەکی گشتی لەبەرچاوبگیردرێت. لەتەك ئەوەشدا، لە زۆر باری وادا، ڕووداوەکان ئەوەیان خستۆتەڕوو، کە کرێکار سەرەڕای بوونی خەباتی گونجاو لە بەشی بەرهەمهێناندا، بەتەواوی لە توانا خەباتکارییەکانی خۆی وەك بەکاربەر لە بازاری کاڵادا کەڵکی وەرنەگرتووە. لە باری ئاساییدا کاردانەوەی بەکاربەر لە بەرانبەر بازرگان، کرێچی لە بەرانبەر خاوەنخانوودا وەك ئەوە وایە، کە مۆڵەت بدات، بازرگانان، خاوەنخانووان و ..تد، توانای زیادبوونی بژاردنی کرێکاران بقۆزنەوە، هەرچەندیان بیانەوێت نرخەکان بەرزبکەنەوە.

سەرەرای هەموو ئەم باسانە، دیتینی ڕاستەوخۆی ئێمەش پەیوەندی نەگونجاوی نێوان کرێ و خەرجەکان ڕەتدەکاتەوە. ئەوەندە بەسە سەرنجی وڵاتانێك بدەین، کە ماوەی کار کەمتر و کرێکان زیاترن: گوزەران تیایاندا زۆر ئاسانتر و ئازادانەترە لە وڵاتانێك کە ماوەی کار زیاتر و کرێکان کەمترن.

# کرێ و خەرجی گوزەران

ماوەی کار، لە بریتانیا، دەوڵەتە یەکگرتووەکان و ئوسترالیا، بەگشتی هەشت و لایەنی زۆر نۆ سات درێژەدەکێشێت و کۆتایی هەفتەش پشوویە. بهگوێرەی ئەمە، کرێی دراو لەم وڵاتانەدا، بەگوێرەی کرێ دراوەکان لە وڵاتی ئێمە (فەرەنسە) زیاتر و ژیان لەوێندەرێ ئاسانترە. لەو وڵاتانەدا، کرێکار بە شەش ڕۆژ کار و تەنانەت باشتر لەوەش پێنج ڕۆژ و نیو (لەبەر ڕێسای پشووی کار لە دوانیوەڕۆی شەممەدا)، کرێی بەس بۆ ژیانی حەوت ڕۆژی هەفتەی بەدەستدەهێنێت. سەرەرای ئەمە، لە نزیکەی هەموو بارەکاندا، خەرجە سەرەتاییەکانی گوزەران، هەرزانتر لە فەرەنسە یا لایەنیکەم لە بەراورد بە کرێکان دەریدەهێنێت. [1] وەها دیتنێك (یاسای پۆلایین) پووچدەکاتەوە. بەتایبەت کە بە هیچ شێوەیەکیش ناتوانرێت بگوترێت کرێی زۆری ئەو وڵاتانە، لەبەر کەمی هێزی کار پەیدابووە. هەر سێ وڵات دەوڵەتە یەکگرتووەکان، ئوسترالیا و بریتانیا بەدەست بێکاری ڕوو لەسەرەوە دەناڵێنن. بەگوێرەی ئەمە ڕوونە، کە ئەگەر هەلومەرجی کار لەم وڵاتانەدا باشتر بووبێت، ئەمە لەبەر کارایی دانانی هۆکارێکی دیکە، بێجگە لە کەمی یا زۆری هێزی کارە: ئەم باشتربوونە ئەنجامی ویستی کرێکارانە! وەها هەلومەرجێکی باشتربوون ئەنجامی کۆششی کرێکاران و بڕیاری ئەوانە لە سەرپێچی لە ژیانی بەرتەسك و هەژارانە؛ ئەوان لە خەباتدا دژی سەرمایە سەرکەوتوون. هەڵبەتە ئەم تێکۆشانە ئابوورییە، هەرچەندە توندوتیژیش بووبێت، هیچ کات سەری لە بارودۆخی شۆڕشگێڕانەوە دەرنەچووە.

تەنانەت دەتوانین واز لە لێکۆڵینەوە لەو وڵاتانەی کە ماوەی کاری کەمتر و کرێی بەرزتریان هەیە، بهێنین، بچینە سەر ناوچە جوتیارنشینەکانی خۆمان. دەستەیەك لە خاوەنانی پیشەسازی، بەدڵنیابوون لە پەیداکردنی کۆمەڵێکی نادەربەست و ملکەچ، ئەم ناوچانەی بۆ تازەکردنەوەی کارخانەکانی هەڵبژاردووە. لێرە دیاردەیەکی پێچەوانە دەبینین: کرێکان زۆر لە خوارەوەن و هەلومەرجی کار زۆر خراپ و هەندێك جار بەرگەناگیردرێن. هۆکارەکەی ئەوەیە، لە باری لاوازی ویستی کرێکاراناندا، ئەوە تەنیا فشار و ویستی سەرمایەدارە، کە بارودۆخی کار دیاریدەکات. کرێکاری نادەربەست و ناهوشیار بەتوانا و لێهاتوویی خۆی، تا ئاستی کاڵایەك دادەبەزێت، دەبێتە نێچیری یاسای ناوبراوی کرێکان. بەڵام ئەگەر هەڵچوونی شۆڕش ئەم قوربانیانەی بەهرەکێشی زیندووکردەوە، بارودۆخەکە دەگۆڕدرێت! جەماوەری پرۆلیتێر، کە هەنووکە بووەتە گەردی تۆزی مرۆڤایەتی، پێویستە لە بەشەکانی یەکێتییە پیشەییەکاندا پێکەوە بلکێتەوە، ئەو کات فشاری لێپرساوان، وەڵامی خۆی وەردەگرێتەوە. هەڵبەتە لەوانەیە لە سەرەتای بەرەنگاریدا بەڕادەی پێویست بەهێز نەبێت، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات و فراوانبوونی هوشیاری و ویستی کرێکارانی ڕێکخراو، هێزی ئەم وەڵامەش زیاددەکات.

بەم جۆرە لەبەر ڕۆشنایی کەتوارەکان و ئەزموونەکاندا دەبینین، کە (یاسا پۆڵایینی کرێکان) چەندە خۆشباوەڕانە و نادروستە. تەنیا لەبارەی کاڵای ئاسنەوە دروستە! ئاوا نییە؟

مایەی داخە، کە پێشنیاری ئەم یاسا نرخێنەرە لەنێو کرێکاراندا، سەرەنجامگەلی پەیگیرتر لە تەنیا ملدان بە فەرمانی نادروستی

هەبووە. چ کەسێك دەتوانێت هەژماری کەسانیك کە لەبەرئەوهی نائومێد و نادەربەستبوون بژمێرێت؟ لەمێژە چینی کرێکار سەری خستووەتە سەر ئەم پشتییە درۆینەیە و باویشکدەدات. سەیرنییە: کە تیئۆرییەك، کۆشش بە نائومێدی بژمێرێت، تۆوی ناکاریی بچێنێت. کاتێك کە پاگەندەی نابەجێی کار، بێهودەیی خەبات و لەتوانادانەبوونی پێشکەوتن پێشنیارکرا، هەموو هۆیەك بۆ شۆڕش دەمرێت. کاتێك کە کۆشش بێکەڵك بناسرێت، کاتێك کە تاك بیریکردەوە، هەر کارێك کە بیکات، شکستدەهێنێت، ئیدی بۆچی خەباتبکات؟ ئەگەر ئەنجامی خەبات، شکستی بێچەندوچوون (تەنانەت بەبێ بچووکترین هیوای سەرکەوتن) بێت، ئایا بێدەنگمانەوە و خۆبەدەستەوەدان ژیرانەتەر نییە؟

ئەمە بیرکردنەوەی زاڵبوو! چینی کرێکار، کالائاسا خۆی خستبووە ژێر ڕکێفی بۆرجواکان. کاتێك فشاری هەلومەرجەکە دەستپێکردنی خەباتێکی بەسەر کرێکاراندا دەسەپاند، ئەوان کارێك کە دەیانکرد پێیانخۆشنەبوو: ناڕەزایەتییان بەکارێکی نابەجێ دەزانی، کە بۆ گوزەرانی ژیانی ناچاری ملیانپێدەدا و هەر ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە هیچ پێشکەوتنێك ڕوونەدات و هەروا گیرۆدەی ئەو یاسایە بمێننەوە.

## تاوسەندنی نەهامەتی، هاندەری شۆڕش نییە

ئەنجامگیری سەیر و سەمەرە لە (یاسای ئاسنینی کرێکان) وەرگیراوە. زۆربەی ئەو ئەنجامگیرییانە سەریان لەوێوە دەردەچێت، کە ڕوودانی شۆڕش، لە گرەوی ئاڵۆزتربوون و قەیرانیتربوونی ئاسایی بارودۆخەکەدایە، کە پێویستی بە هیچ کۆمەکێك یا ئامادەکارییەك لەلایەن خودی کرێکارانیشەوە نییە و بێگەڕانەوەیە. هاوتەریب بە باوەڕی پشستشکێن بە لەتوانادا-نەبوونی تێکشکانی یاسای کرێکان، هەندێك لە خەڵکیش بەگوێرەی بەرئەنجامەکانی ئەو یاسایە، بەوە گەیشتوون، کە (زیادبوونی هەژاری)، پروکێنتربوونی ژیان، فشاری خاوەنکارەکان، سەرکوتگەری فەرمانداریی و شتگەلێکی لەم جۆرە، ڕوودانی شۆڕش خێراتردەکەن. کار گەیشتە ئەوەی کە ژمارەیەك تەنانەت بەناوی شۆڕشەوە لە ڕوودانی ئەم شتانە دڵخۆشدەبوون. ئەگەر بمانەوێت بۆچوونی ئەم نالۆجیکیانە پەسەندبکەین، هێزی شۆڕش لە نەهامەتییەوە سەرچاوەدەگرێت! بەگوێرەی ئەمە، هەر زیادبوونێك لە هەژاری و بەدبەختی خەڵك و شتی دیکەی لەم جۆرە، پێویستە بە بەختیاری بزانین و چاوەڕێی ساتی بەڵێندراو بمێنینەوە.

هەڵەی نەزانانە! قسەی پوچ! تەنیا شتێك کە لە تاوسەندنی نەهامەتی بەدەستدێت (هەرجۆرە نەهامەتییەك بێت)، پڵیشانەوەی هەرچی زیاتری قوربانییانە. هەروەها کەسانێك هەن کە تەنانەت لەم ڕۆژەشدا باوەڕیان بەوەیە. لەجیاتی وتنی قسەی پوچ ئەوەندە بەسە کورتە سەرنجێکی دەوروبەری خۆیان بدەن تاوەکو بابەتەکە بەتەواوی بخەنەلاوە.

چالاکی سەندیکایی کام بەش زیاترە؟ ئەوانەی کە ماوەی کاری کەمتر، هاوکات پاش تەواوبوونی ڕۆژکارەکەیان دەتوانن لە ژیانی کۆمەڵایەتی بەهرەمەندبن، کۆبوونەوە بەرپابکەن و لە کاروباری گشتیدا بەشدارییبکەن. لەم بەشانەدا کرێکانیش ئەوەندە هەن، کە کرێکاران پاش بژاردنی خەرجییەکانی ژیانی ڕۆژانە، هێشتاکە توانای دانی ئابوونەی ئەندامەتی و کڕینی ڕۆژنامە و پەرتووکیان هەبێت.

بەڵام لەو بەشانەی کە کاری دژوارتر و ماوەی کار درێژتربێت، بارودۆخەکە پێچەوانەیە. کرێکاری ئەو بەشانە کاتێك کە لە بێگاری تواناپروکێنی شوێنیکار ڕزگاردەبن، لە ڕووی هۆش و جەستەوە دەپروکێن و تەنیا ویستی چوونەوە ماڵ و خواردن و خواردنەوەی چەند قومە ئەلکولێك و خەوتنیان هەیە، تاوەکو گیان و جەستەی خۆیان لەبیری کاری تواناپروکێن ئازادبکەن و هەناسەیەك وەبەربێننەوە. وەها کرێکارێك هیچ کات بیر لە پێکهێنانی سەندیکا، بەشداری لە کۆبوونەوە و شتی دیکەی لەم جۆرە ناکاتەوە. فشارێکی ئاوا بەسەر جەستەی ئەودا سەپێنراوە، کە مێشکی ماندووی زۆر بەسەختی دەتوانێت کاربکات.

بەو جۆرە دەتوانین چ چاوەڕوانییەکمان لە بەدبەختێك هەبێت، کە لەتەك سەخترین باری هەژاری و نەداری ڕووبەڕووبێت؟ لەوانەیە ساتێك کە ڕك و تورەیی لە ڕادەبەدەری بەسەریدا زاڵ بووبێت، بوێری شۆڕشگێڕانە لە خۆی نیشانبدات. بەڵام ئەو دەستبەکاربوونە تەنانەت دووبارە نابێتەوە! هەژاری و سەختی کار، گشت توانا و گیانی ئازادیخوازانەی ئەو هەڵلوشیوە.

ئەم دیمەنانە ( کە هەموو کەسێك دەتوانێت لێرە و لەوێ بیانبینێتەوە، یا نموونەی دیکە لە چوارلای خۆی بدۆزێتەوە) ئەو بۆچوونە گاڵتەجاڕییەی سەرهەڵدانی شۆڕش لە کەڵەکەبوونی نەهامەتی لەسەر نەهامەتی و ستەم لەسەر ستەم، سەراپا ڕەتدەکاتەوە. پێچەوانەکەی دروستە! کەسی لاواز، خۆی داوەتە دەست چارەنووس و بەژیانی تەنگەلای، کۆیلەتی خۆی دادەڕێژێت. وەها کەسێك بوێری وەستانەوەی لە بەرانبەر ستەمدا نابێت. ئەو لە خراپتربوونی بارودۆخەکە دەترسێت، ئەگەر شتێك ڕوودات، لە سوچی ماڵەوە خۆی دەشارێتەوە، بۆ هەر بزووتنەوە و تێکۆشانێك سەربادەدا؛ دواجار، بەو جۆرەی کە هەیە، لە نەهامەتی خۆیدا دەتلێتەوە. بەڵام کاری کەسێك، کە ژیانێکی بەرفراوانتر و مێشکێکی کراوەتری هەبێت، تەواو پێچەوانەیە. ئەو چاو دەبڕێتە چاوی بەهرەکێشەکەی و دەزانێت کە ئەویش وەك ئەو مرۆڤێکی ئاساییە، لە هیچ هۆیەك بۆ هێنانەخوارەوەی تەختی ساختەی خاوەنکارەکەی ناپرینگێتەوە.

لەبەرئەوەیە کە بەرەوپێشچوونی بەشیی، تەنیا کارایی هێورکردنەوەی لەسەر کرێکاران نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە، سەرلەنوێ دڵنیابوونەوە و بڕوابەخۆبوونی زیاتریان پێدەبەخشێت، تاوەکو داخوازی فرەتر بخەنەڕوو و خەباتی خۆیان بەرنەپێشەوە. کەمترین سەرەنجامی ئەم جۆرە بەرەوپێشەوە چوونانە، دروستبەکاربردنی توانای کرێکارییە. گرنگنییە پارتە ڕامیارییەکان بە چ جۆرێك بیانەوێت خەباتەکە دەستەمۆبکەن، یا بۆرجواکان چ جۆرە ڕامیارییبازییەك بۆ لە نێوەند دەرپەراندنی ڕووبەڕووبوونەوەکان دەستپێبکەن؛ دەستبەکاربوون و خەبات هەردەم کرێکاران پتەو ڕادەگرێت و بیرکردنەوەیان لەلادان دوور ڕادەگرێت.

کرێکاران بە کەمکردنەوەی هەژاری ماددی و هزری خۆیان، پێگەیین و هوشیاری چینایەتی بەدەستدێنن. لە جاران هەستیارتر دەبن، بزێوتر و هەڵسوڕاوتر لە بەرانبەر بەهرەکێشدا دەوەستنەوە و بۆ لەنێوبردنی لێبڕاوتر دەبن. بەم جۆرە بەزیادبوونی هوشیاری و دیتنی ئەزموونی زۆری بەکردەوە، تێگەیشتنێکی ڕۆشنتریان لە ناکۆکی سازشوەرنەگری نێوان بەرژەوەندی خۆیان و چینی سەرمایەدار بەدەستدێنن.

بەڵام ئەم بەرەوپێشەوەچوونە بەشییانە [جزئی]، هەرچەندە لامان گرنگبن، هێشتاکەش ناتوانن شوێنی شۆڕش بگرنەوە، بۆ لەتوانادابوونی بەدەستهێنانی ئامانجی ئازادی، هەڵوەشاندنەوەی دارایی، پێویستە و هەمیشەش هەر ئەوە پێویستبووە.

لە ڕاستیدا، تەنانەت بەگریمانەی ئەوەی، کە بڕی سوودی سەرمایە تاڕادەیەکی زۆر کەمبێتەوە و بەشێك لە کارکردە زیانبەخشەکانی دەوڵەتیش وەلابنرێن، هێشتاکە دوورە کە بە لێسەندنەوەی ئەم بەرتەرییانە (امتیازات) بتوانن سەرمایەداری و فەرمانداریی بەتەواوی وەلابنرێن. هیچکام لەوانە پەیوەندییە بنەڕەتییەکان ناگۆڕن: هێشتاکەش لەلایەکەوە کرێگرتانی [موچەخۆرانی] ژێردەست لەئارادادەبن و لەلایەکی دیکەوە سەروەران و فەرمانڕەوایان مشەدەخۆن.

ئاشکرایە کە دەستکەوتە لاوەکییەکان ( گرنگ نییە چەندە گەورەیان بزانین، تەنانەت ئەگەر توانیبێتیان تاڕادەیەکی زۆر بەرتەری چینی باڵادەست کەم بکەنەوە) ناتوانن کارایییەکی ڕوخێنەریان لەسەر پەیوەندییە ئابووری و ڕامیارییەکان

(پەیوەندی نێوان سەرمایەدار و کرێکار، ڕابەر و ڕابەرێکراو، فەرماندەر و فەرمانبەر) هەبێت. بەگوێرەی ئەمە فەرمانبەریی کرێکار بۆ سەرمایە و دەوڵەت لە جێی خۆیدا دەمێنێتەوە. بەم جۆرە، گرفتی کۆمەلایەتی، وەك هەر سەردەمێکی دیکە، خۆی دەردەخاتەوە و (سەنگەربەندی) جیاکەرەوەی بەرهەمهێنەران لە مشەخۆرانێك کە خۆێنیاندەمژن، کەمترین شوێنگۆرگێ بەخۆیەوە نابینێت.

گرنگ نییە ماوەی کار چەندە کەمبێتەوە، گرنگ نییە بڕی کرێی کار چەندە زیادبکات، گرنگ نییە کارخانە لە ڕووی تەندروستی و شتگەلی لەو جۆرەوە چەندە لەباربێت... تا کاتێك کە پەیوەندی خاوەنکار و کرێکرتە ، فەرمانڕەوا و فەرمانبەر بمێنێت، کۆمەڵگە بەسەر دوو چینی دژبەیەکدا دابەشدەبێت. هەروەها بە بەرزبوونەوەی هوشیاری و هێزی چینی بەهرەکێشکراو و ستەمدیدە و دەرکی ڕۆشنیان لە گرنگی ڕێوشوێنیان لە کۆمەڵدا، خەباتیش قوڵتر و بەرفراوانتر دەبێت. بەگوێرەی ئەمە، چینی کرێکار، چەندی بەرەوپێشەوە بچێت و چەندە فێربێت، بەهێزتر لە جاران دەست بۆ وەلانانی بەرتەرییە مشەخۆرییەکانی بەرامبەرەکەی، دەبات.

خەبات تا لەنێوبردنی پەرژینەکانی دۆزەخ بەردەوام دەبێت! ئەو ڕۆژە دێتەپێشەوە، کە چینی کرێکار، ئامادە و جۆشخواردوو بۆ دوا جەنگ، پتەو لە ڕوووبەڕووبوونەوە بەردەوام و ڕۆتینەکاندا لە دژی دوژمنی چینایەتی، ئەوەندە بەهێزبووبێت، هێرشی یەکجارەکی ڕێکبخات و ئەمە شێوازی لووتکەیی خەباتی ڕاستەوخۆ دەبێت.
کەواتە با کورتی بکەینەوە، لێکۆڵینەوەی وردی دیاردە کۆمەلایەتییەکان بواردەدات، کە ڕووی خۆمان لەو تێڕوانینە

زۆرگەرایانە(جبری) کە تێکۆشان بێکەڵك نیشاندەدەن، وەرگێڕین و ئەم پەندەی، کە بەختەوەری بێچەندوچوون و بێتێکۆشانی ئێمە بەرهەمی ڕۆژە دژوار و بەرگەنەگرەکانە، بخەینەلاوە. بەپێچەوانەوە، تێگەیشتنی ڕۆشنبینانەی ئەم دیاردەیە، سەرەنجامێکی تەواو جیاواز دەخاتەروو: فێردەبین کە پێشکەتنە سەپێنراوەکان بەسەر بۆرجوازی و باشتربوونی بەرەبەرەی بارودۆخی کرێکاران، کە بەسەر خاوەنکارەکاندا دەسەپێنرێت، مەشخەڵەکانی شۆڕش بڵندتردەکەنەوە. بەم جۆرە فێردەبین بەو جۆرەی کە ژیانبخشە، بەهەمان شێوە خەبات سروشبەخشدەبێت.

## دەسەڵات و توندوتیژی

خەباتی ڕاستەخۆ، کە دەرکەوتنی هێز و توانای کرێکارە، بەپێی هەلومەرج و بارودۆخ، لە شێوەی جۆراوجۆردا خۆی نیشاندەدات، کە بۆی هەیە زۆر لەسەرخۆ یا توندوتیژبێت. ئەم بابەتە بەتەواوی پەیوەندی بە پێداویستی ئەو ساتەوە هەیە، کە ئەو خەباتە تێیدا سەرهەڵدەدات.

بەگوێرەی ئەمە، خەباتی ڕاستەخۆ شێوەیەکی تایبەتی نییە. هەندێك کەس، کە تێگەیشتنێکی زۆر ڕواڵەتییان لە پرسەکە هەیە، وەك کاری بەکۆمەڵی کەسانێکی سەرخۆش لەبارەیەوە دەدوێن. وەها تێڕوانینێك نیشانەی کورتبینی ئەو کەسانەیە بەرامبەر کردەییبوونی توانایی پرۆلیتێری. ئەم تێڕوانینە، خەباتی ڕاستەخۆ کەم تا زۆر بە کاردانەوەیەکی بێبەرنامە نیشاندەدات؛ چاوپۆشی لە کرۆکەکەی کە بەنرخترین شتگەلێك دەگرێتەوە، دەکات؛ لەبیردەکات کە ئەم دروشمە، سیمبولی شۆڕشی کرێکارییە.

خەباتی ڕاستەوخۆ، کەوتنەگەری هێزی کرێکارانە بۆ ئامانجی سوودبەخش: هێزێکە کە مامانی بۆ لەدایکبوونی یاسایەکی نوێ دەکات؛ پاگەندەی پەیڕەوی مافی کۆمەڵ دەکات.

لە پشت هەر بزووتنەوە و کارێکەوە، هێز و دەسەڵاتێك هەیە و بەپێی پێداویستی، خاڵی لوتکەیی ئەویشە. ژیان بەرهەمی کارکردی هێزەکانە و بێجگە لە هێز تەنیا لەبیرکراوی بوونی هەیە. لە نەبوونی هێزدا، هیچ شتێك دەرناکەوێت، هیچ شتێك نابێتە کەتوار.

دوژمنە چینایەتییەکانی ئێمە، بۆ ئەوەی چاومانببەستن، بەردەوام دەڵێنەوە، کە دادپەروەری دروست و پایەدار پێویستی بە پەنابردن بۆ هێز نییە. درۆودەلەسەکانی بەهرەکێشان بۆ خەڵك! لە نەبوونی هێزدا، دادپەروەری لە درۆ و گاڵتەجاری بەولاوەتر نییە. دیتنی خەمناکانەی خەڵك بەدرێژایی سەدەکانی ڕابوردوو، گەواهی ئەم ئەندێشەیە دەدەن: تەنیا بەڵگەی مردنی ئەوان، خزمەتکردنی دەسەڵات بوو بە پلە و پایەی ڕێڕەوی (مەزهەبی) یا ڕابەرانی سکیولار، کە خەڵکیان لەژێر پێیاندا دەپڵیشاندەوە. بەڵام لە هەموو شوێنێك گشت ئەم توندوتیژییانە بەنێوی گریمانەی دادپەروەرییەوە ڕوویاندەدا. ئەو دادپەروەرییەی کە ئەوان دەیڵێن، بێجگە لە نادادوەری بێبەزەییانە، شتێکی دیکە نییە و ئەم ڕەوتە هێشتاکەش بەردەوامە!

# کەمینە لە بەرانبەر زۆرینە

جەماوەری کرێکاران، هەمیشە لەلایەن کەمایەتییەکی دیاریکراوەوە بەهرەکێشی لێکراوە و چەوساوەتەوە. ئەگەر ئەو کەمایەتییە تەنیا پشتی بەتواناییەکانی خۆی ببەستایە، هەرگیز نەیدەتوانی تەنانەت بۆ تەنیا ڕۆژێکیش پارێزگاری لە ڕێوشوێنی خۆی بکات! ئەو کەمایەتییە، دەسەڵاتی خۆی لە ملکەچی مەرئاسای قوربانییەکانییەوە بەدەستدەهێنێت. چینی کرێکار سەرچاوەی هەموو دەسەڵاتەکانە، بەڵام هەر ئەم چینەیە، کە خۆی لە بەرانبەر فەرمانداراندا قوربانیدەکات. لێرەوەیە، کە فەرمانداران سواری ملی چینی کرێکار دەبن، سەرمایە کەڵەکە دەکەن و دەوڵەت دادەمەزرێنن و بەڕێوەیدەبەن.

لە بارێکدا، ئەگەر خوازیاربین ئەو کەمایەتییە بخەینە شوێنی خۆی، (ئەوڕۆکە وەك ڕابوردوو) تەنیا نیشاندانی درۆ جێکەوتەکانی نێو پەروەردەیان، خستنەڕووی توندوتیژییەکانیان و دەربڕینی وردەکاری تاوانەکانیان بەسنییە. ئەندێشەیەك، کە لە بەرانبەر دەسەڵاتی دڕندانەدا بوونی هەیە، تەنیا دەسەڵاتی باوەڕپێهێنانی بۆ خستنەڕوو هەیە و پێش دەستپێکردنی هەر جەنگێك تێکدەشکێت. ڕاستییەکەی ئەوەیە، کە بۆچوون هەر چەندە جوان و شیاوی وەرگرتن بێت، تەنیا پفی کەفی سابوونە، مەگەر ئەوەی هێزێك پارێزگاری لێ بکات و ببێتە هۆی بەرجەستەبوونی.

کەواتە بۆ بەرگرتن لە قوربانیبوونی ناهوشیارانەی زۆرینە لەپێناو کەمایەتییەکی پەست و هەوەسیی، پێویستە چی بکرێت؟ پێویستە هێزێك ڕێکبخرێت، کە توانای خەباتی دژی دەسەڵاتی

چینی فەرماندار و دارا، کە بەسوودوەرگرتن لە خۆشباوەڕیی و نادەربایستیی خەڵك لێیانی دزیوە، هەبێت. ئەم کارە، کاری کرێکارانە. ئەرکی ئەوانە، کە لە دونیای کەتواریدا وەها هێزێك پێکبهێنن. کەسانێك کە ئارەزووی ڕزگاربوون لەم چنگە دروستکراوە لە نادەربایستی زۆرینەیاندا هەیە، ئەرکی سەرشانیانە لە بەرانبەر خۆدزینەوەکان، کاردانەوە نیشانبدەن و یەك بە یەك لە جەستەی خەڵکدا لەنێویانبەرن.

ئەرکە بنەڕەتییەکانی شۆڕشگێڕانی هاوپشتیوان و یەکگرتوو، لەنێو ڕێکخراوە پیشەییەکاندا ئەنجامدەدرێن. یەکێتی، جێی کۆوەبوونی کەمایەتییەکی هوشیار، ڕێکخراو و لە باری گەشەکردندایە و ئامانجی ئەندامەکانی، بەدەستهێنانی هێزی پێویستە، تاوەکو یەکەمین تاوی وەستانەوە لە بەرانبەر هیزە چەوسێنەرەکان و بەهرەکێشەکانی هەبێت و دواتر شان بداتە بەر لەنێوبردنیان.

دەزگەکانی ڕاگەیاندن، پێویستە پێش هەموو شت، بۆ هوشیارکردنەوەی لایەنگرانی چینی بۆرجوازی بەکارببرێن، ئەو کرێکارانەی کە لایەنگری بۆرجوازین و لەلایەن سەروەرانەوە چەکدارکراون و هەردەم ورەی خەباتی کرێکارییان بۆ ئازادی سەرکوتکراوە. هەڵبەتە چڕبوونەوەی لە ڕادەبەدەری هێزەکان لەسەر ئەم کارە بەراییە نەگونجا و هەڵەیە؛ وێناکردنی لەنێوبردنی دەسەڵاتی سەربازییانەی چینی بۆرجوازی لەڕێگەی ڕاگەیاندنەوە خۆشباوەڕانەیە، بەڵام پێویستە هەوڵبدەین تا ئەو جێیەی کە دەکرێت، ئەو دەسەڵاتە ڕێکبکەینەوە. مێژوو نیشانیدەدات، هەڵچوونە جەماوەرییەکان، کە نەیانتوانیبێت پشتیوانی یا لانیکەم بێلایەنی سوپا (یونیفۆرمپۆشان) ڕابکێشن،

هەردەم لەتەك شكست و لەنێوچوون ڕووبەڕووبوون. لەبەرئەوە، یەكێك لەو ئامانجانەی كە پێویستە هەمیشە لە دووی بین، لە كارخستنی دەزگەی دەسەڵاتییە، كە گروپێك لە چینی كرێكار، ناهوشیارانە خستوویانەتە بەردەستی فەرمانداران. تەنانەت بە گریمانەی شیاوی ئەنجامدانی تەواوی ئەم شتە، هێشتاكەش پرسی ڕوخاندنی خودی كەمایەتی فەرماندار وەك خۆی دەمێنێتەوە. بەكەمگرتنی ئەو كەمایەتییە و بەهیچ ئەژماركردنی دەسەڵاتیان، هەڵەیەكی كوشەندەیە. سەرەنجامی ئەم كارانە، ئەركێكە كە كەوتووەتە سەرشانی كرێكارانی هوشیار.

# توندوتیژی ناچاریانە

پێشبینی هەلومەرج و کاتی ڕووبەڕوونەوەی یەکلاکەرەوەی هێزەکانی ڕابووردوو و داهاتوو، دەچێتە خانەی فاڵگرتنەوە و ڕوانگەپەردازییەوە. تەنیا شتێك کە دەتوانرێت لە بارەیەوە دڵنیابین، ئەوەیە کە ئەو جەنگە، بەپێکدادان و بەرخوردی کەم تا زۆر چاوەڕواننەکراو دەستپێدەکات. هەروەها دەتوانرێت بە دڵنیاییەوە ئەمەش بگوترێت، کە هێزە پارێزەرەکانی نەزمی کۆن، خۆبەدەستەوەنادەن، تاوەکو نەکوژرێن. ڕێك هەر ئەم بەرهەڵستییە کوێرانەیەی دژی پێشکەوتنە، کە بەردەوام بووەتە هۆی ئەوەی ئاڵوگۆڕە گرنگە کۆمەڵایەتییەکانی درێژایی مێژوو، هەمیشە لەڕێگەی توندوتیژی و دڕندەییەوە ئەنجامبدرێن. بەدڵنیاییەوە لێپرساوەتی توندوتیژییەك کە لەو ئاڵوگۆڕانەدا ڕوودەدات، دەکەوێتە ئەستۆی مرۆڤگەلێك کە بەردەوام بۆ داهاتوو ڕوانیوویانە. ئەوانە، ئەگەر بڕیاری شۆڕش و لێبڕاوی بدەن، بەئەنجامدانی ئەوە ناچارن . هەمیشە بەدواهاتنێکی درێژ لە هەوڵەکان ڕوویداوە، تا گۆڕانخوازان بە خاڵێك گەیشتوون، کە پێشڕەوی هیچکام لە ڕێگەگەلی ئاشتیخوازیی لواو نەبن. (تەنانەت لەو هەلومەرجەشدا) توندوتیژییەك کە گۆڕانخوازان ئەنجامیانداوە، هەر وەڵامێکی مرۆیی بووە بە توندوتیژی و دڕندەی فەرماندارەکانیان.

توندوتیژی کاتێك دەبێتە بەشێك لە سروشتی خەڵك، کە بیست و چوار سات لەدەست بێدەرەتانی، بێبەشی و تەنگەتاوی لەڕادەبەدەر، کە کەمایەتی بەهرەکێش بەسەریاندا دەسەپێنێت، لە ئازاردا بتلێنەوە و لەژێر کاریی ئەوەدا بکەونە داوی خۆبەدەستەوەدان و تاوانکاریی. پێویست نییە لە دەرگەی لێدوانی

فیلۆسۆفی بدەین، هەر ئەوەندەی بگوترێت کە مرۆڤ "باش" یا "خراپ" لەدایکنابێت، بەڵکو لەژێر کارایی دەوروبەردایە، کە کەسایەتی دەپەروەردرێت و دەگۆڕێت بە مرۆڤی باش یا خراپ.

جەماوەر لە زنجیری خۆشباوەڕییدا گۆشکراوە، لێوانلێوە لە هەڵاواردن، پێویستی بە هەوڵێکی بەرچاو هەیە، تاوەکو هوشیار ببێتەوە. کاتێك کە توانی پەردەکانی خۆشباوەڕی لابدات، بەبێ ئەوەی لەژێر کارایی توڕەیی و کینەدا بێت، بڕیاری پەیگیرانە بۆ بەرهەلستی دەدات. ئەو لەو خۆشباوەڕییە سەپێنراوە دەردەچێت و ڕێگەیەك هەڵدەبژێرێت، کە بە بۆچوونی ئاسانترین و بەردەسترین ڕێگەیە. بەشەکانی، وەك ئاوە خوڕەکان، بەرەو دەریا لە بزووتندان؛ بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ڕێگرییەکانی بەردەمیان، هەندێك ئاشتیخوازانە دەچنە پێشەوە و هەندێکی دیکە بەردەوام دەگوڕێنن. هەڵبەتە کۆتایی بزووتنەکەیان لەژێر کارایی بەربەستگەلێك کە فەرمانداران لەسەرەڕێیان دایاننناون، سەرەنجام بە شۆڕش کۆتاییدێت، بەڵام خواستیان ئەمە نییە. هێزەکانی جەماوەر، کاتێك کە لەپشت بەربەستەکانی سەر ڕێگەدا گیردەخۆن، بەربەستەکان تێکدەشکێنن و وەك گەردەلوولێك کۆمەڵگەی کۆنە و نەزمی کۆن سەروژێردەکەن. بەڵام نکۆڵی لێناکرێت، ئەگەر بەرهەڵستی لە ڕەوتی ئازادانەی ئەم هێزانەدا نەبووایە، بزووتنەوەکە بەبێ کردەوەی توندوتیژی و بە شێوازێکی ئارام و ئاشتیخوازانە دەچووە پێشەوە. مەگەر بەم جۆرە نییە، کە ڕوبارە خوڕەکان لە دەشتەکاندا، بە هەموو هیواشی و ئارامییەکی ڕواڵەتییەوە، لە هەمان مۆلوکوڵە شلەکان پێکهاتوون، کە ڕوبارە پڕخرۆش و لافاوئاسای قەدپاڵەکان پێکدەهێنن؟ بابەتەکە، لەبارەی توانا جەماوەرییەکانیش ڕێك هەر بەم جۆرەیە.

## هێورگەرە ناکەتوارییەکان

ڕاستە کە نابێت تەنیا بۆ دامرکاندنەوەی ئالۆش و چێژوەرگرتن پەنا ببردرێتەبەر توندوتیژی، بەڵام لەو لایەنەوە کە سوودوەرتن لێی لە کاتی پێویستدا، ملیپێنەدەین و بمانەوێت هەموو جەنگەکە بە بەردەوامی بەهۆی بەکاربردنی هێورکەرەوە و لەڕێگەی پارلەمان و ئامرازە دێمۆکراتیکەکانی دیکەوە بەرەوپێش بەرین، زۆر پڕمەترسییە. نەخێر! هیچ سیستمێکی دەنگوەرتن یا ڕیفراندۆم یا پرۆسەیەکی دیکەی لەو جۆرە نییە، کە کلیلی ئارەزووەکانی جەماوەر لە ئاسمانەوە داگرێت. بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە بێجگە لە ملدان بەتوندوتیژی هیچ ئەڵتەناتیڤیکی دیکەی نییە. وابەستەبوون بە خۆشباوەڕیگەلی لەم جۆرەوە، تەنیا گەڕانەوە بۆ ڕابوردوو و دووبارەکردنەوەی هەڵەی پێشینان دەبێت، کە مژدەی بەهەشتی ئەو دونیایان بە ڕەنجبەرانی ئەم دونیا و دوورەپەرێزان دەدا. گریمانەی ڕزگاری ڕەنجبەرانی دوورەپەرێز یا بەڵینی سەرکەوتن لە ڕێگەی ڕیفراندۆمەوە، لە دیتنی کەتواربینانەی بارودۆخەکە ئاسانترە، بەڵام لە بەرانبەردا، تۆزقاڵێکیش کەس لە ئازادی نزیکناکاتەوە.

لە شیکردنەوەکانماندا لەبارەی سەرەنجامی کارەکە، هەردەم پێویستە بگەڕێینەوە سەر ئەم کۆبەندییە ناچارییە: پەنابردن بۆ هێز!

هەڵبەتە سەرەڕای ڕاستی بێسوودبوونی سەرەنجامی پرۆسەکانی دەنگوەرتن، ڕیفراندۆم و هی دیکە لە فراوانترکردن و قوڵکردنەوەی هوشیاری چینایەتیدا، نابێت چاومان لە ئاستی کەڵکە ڕێژەییەکانییان بنووقێنین. بۆ نموونە، ڕیفراندۆم دەتوانێت

زۆر شێوازی بەکاربردنی هەبێت. هەروەها زۆرجار بۆی هەیە لە هەندێك هەلومەرجی تایبەتدا، دروستترین هەڵبژێری ڕامیاریی گونجاو، سوودوەرگرتن لەو بێت. با نموونەیەکی ڕۆشن و ئاشکرا بهێنینەوە: ڕیفراندۆم بۆ هەڵسەنگاندنی خواست و هوشیاری کرێکاران، ئامرازێکی باشە. لەتەك ئەوەشدا بۆی هەیە ڕێکخراوەکان و یەکێتییە پیشەییەکانیش هەندێك جار بەپێی پێویست پەنای بۆ بەرن (ئەم ڕووداوە بۆی هەیە بۆ هەر ڕێکخراوێك بێتە پێشەوە، چ ئەوانەی کە هێشتاکە لە چنگ سەرمایەداری نەهاتوونەتەدەر و لەوانەیە پێویستیان بە کۆمەکە دەوڵەتییەکان هەبێت چ تەنانەت ئەوانەش کە بەتەواوی شۆڕشگێڕانەن)، ئەم شتە، زۆریش باوبووە!

ئەوەی کە ڕیفراندۆم بە هاوتا و ئەڵتەرناتیڤی شێوازە شۆڕگێڕانەکان بزانین، بەو ڕادەیە گەمژانەیە، کە بێکەڵك و بێسوودی دابنێین. دەنگوەرگرتنەکان ئامرازێکن بۆ خەملاندنی چەندایەتی، بەلام بەهیچ جۆرێك بەکەڵکی هەڵسەنگاندنی چۆنایەتی نایێن. لەبەرئەمەیە، کە ناتوانرێت بۆ ئاڵوگۆڕی بنچینەیی سیستەمی سەرمایەداری پشتیانپێببەسترێت؛ وەها وێناکردنێك هەڵەیەکی زاقە و بەرهەمی چەوتتێگەیشتنە. تەنانەت ئەگەر دەنگوەرگرتنەکان ئاساییتر ببنەوە، چەندبارەبوونەوەیان ناتوانێت جێگەی داهێنان و هێزی پێویست بۆ بەرەوپێشبردنی هزری نوێ بگرێتەوە.

کاتێك کە ئەوەی لە باری ئەنجامداندایە، کارێکی شۆڕشگێڕانەی وەك ڕزگارکردنی باستیل (Bastille) بێت، قسەکردن لە

دەنگوەرگرتن و ڕیفراندۆم نابەجێ دەبێت... ئەگەر ئەو ڕۆژە کەمایەتییەکی هوشیار هێرشیان بۆ سەر قەڵا نەبردایە .... ئەگەر بیانویستایە یەکەم جار لەبارەی چارەنووسی قەڵاکە ڕیفراندۆم بەرپابکەن ... لەو بارەدا بە ئەگەرێکی زۆرەوە تاکو ئەمرۆش گاردەکانی (Gardes franaises) هێشتاکە دەرگەی چوونە-ژوورەوەی ئانتۆین(Antoine) لە ژێردەستدا دەبوو.

نموونەکەمان لەبارەی شکاندنی باستیل، لەبارەی هەموو ڕووداوە شۆڕشگێڕییەکانەوە ڕاستە؛ ئاوای دابنێین سەرەتا بخرایە ڕیفراندۆمێکی گریمانەیی، ئایا سەرەنجامێکی وەکو نموونەی باستیل بەدەستدەهات؟

نا! هیچ شێوە دەنگوەرتنێك یا شێوە ڕیفراندۆمێك ناتوانێت جێگەی پەنابردن بۆ هێزی شۆڕشگێڕانە بگرێتەوە. بەڵام با وردتر بڕوانین؛ ئەو پەنابردنە بۆ هێزی شۆڕشگێڕانە، بەو واتایە نییە، کە جەماوەر لە خەودایە. تەواو بەپێچەوانەوە! هەر چەندی جەماوەر چالاکتر و هوشیارتر بێت، هێزی شۆڕشگێرانەش کاراتر دەبێت.

شۆڕشی ئابووریی لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا خۆی دەپەروەرێنیت، تاوەکو ڕۆژێك دواجار ڕوودات و سەربکەوێت. بۆ پەروەراندنی ئەو شۆڕشە و ڕێگرتن لە گەڕانەوە و تێکشکان لە بەرانبەر دڕندەیی بەرەی دوژمن، پێویستە خەباتکاران بزانن چییان دەوێت و بە چ ڕێگەیەك بەو ئامانجە دەگەن. پێویستە سەراپایان هوشیاری بێت و هیچ کات دەستەمۆی هەستەکی و دنەدان نەبن! با بوار بۆ خراپ لەیەکگەیشتن نەهێڵێنەوە؛ کاتێك کە لە ڕوانگەی شۆڕشگێڕانەوە بڕوانین، دەبینین کە هێزی

ژمارەیی، تەنیا کاتێك کارایە، کە بەداهێنان و هوشیاری خۆبەخۆی تاکەکان بارگاوی بێت. زۆربوونی ژمارەیی، خۆی لە خۆیدا، شتێك نییە بێجگە لە کەلەکەکردنی کەسانی پا لە هەوا وەك نێچیری خەواڵوو، کە بێجگە لە کاردانەوە بەرانبەر بە بەرکەوتنەکان جووڵەیەك لەخۆ نیشاننادەن.

بەم جۆرە، بەو سەرەنجامە دەگەین، کە خەباتی ڕاستەوخۆ، سەرەڕای بوونی باوەڕ بەناچارییبوونی بەکاربردنی هێز، لە خوارەوەرا، زەمینە بۆ تێکوپێکدانی فەرمانداریی زۆر و توندوتیژی ئامادەدەکات، تاوەکو لە ڕیشەوە هەڵکێشێت و لە جێی ئەو کۆمەڵگەیەك بنیاتبنێت، کە بەهوشیاری و یەکگرتنی ئازادانە پشتئەستووربێت. شێوەی ئەنجامدانی ئەم کارە، ناساندن و جێخستنی تێگەیشتنی پێویست بۆ ئازادی مرۆڤ لە هەمان کۆمەڵگەی کۆنی سەرکوتگەرانە و بەهرەکێشدایە، کە بڕیارە لە داهاتوودا ژێرخانی کۆمەڵگەیەکی نوێ پێکبهێنێت؛ واتە گەشەی تاکگەرایی، پەروەردەکردنی ویست (ارادە) و پەیگیری لە کاردا.

لە کۆتاییدا بەم کورتەیە دەگەین، کە خەباتی ڕاستەوخۆ، وێڕای شێوەی تێکۆشان، فێرکاری ئاکاریی زۆر بەنرخی لە خۆ گرتووە، کە گەشە بەپەیڕەوانی دەدات و دەیانپاڵێویت، لە دەستەمۆیی ڕزگاریاندەکات و دەیانگەیێنێتە جێیەك، کە جوانی و بەرهەڵستییان تیشك بۆ کەسانی دیکە بهاوێت.

## پەراوێز:-

[1] زۆربەی خەڵک، کاتێک کە دەربارەی ئەو وڵاتانە قسە دەکرێت، یەکسەرە ئەم دەربڕینە کە لەوێ "ژیان گرانترە" دەجوونەوە و تەنانەت ڕێگە بە بچووکترین دوودڵی خۆیان نادەن. ڕاستییەکەی ئەوەیە، کە کەرەستەی لوکس، لەو وڵاتانەدا زۆر گرانە، لەبەر ئەوەیە کە ژیانی توێژەکانی سەرەوە "گرانە". بەڵام لە لایەکی دیەوە، پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیان لەبەردەست فراوانن. لەگەڵ ئەوەشدا، مەگەر ئاوا نییە، کە ئێمە بۆ نموونە لە دەوڵەتە یەکگرتووەکان، میوە، لە قوتونراو و بەرهەمی پیشەسازی دەکرین، ئەم بەرهەمانە ( سەرەرای چوونەسەری خەرجەکانی بارکردن و گواستنەوە و گومرگ) دەتوانن لە بازاردا لەتەک بەرهەمی هاوشێوەی خۆمان پێشبڕکێ بکەن؟ لەبەر ئەوە ڕۆشنە کە نرخی کاڵاکان لە دەوڵەتە یەکگرتووەکان ناتوانێت لەچاو ئێرە گرانتر بێت... دەتوانین نموونەی پشیتوانیگەری زیاتر بهێنینەوە، بەڵام دێرەکانی پەڕاوەکە بوار نادەن.

* (Direct Action) کە بە واتای کردەی ڕاستەوخۆ دێت و لە فارسی و عەرەبیشدا هەر وا نووسراوە، بەڵام لە کوردییەکەدا کەمتر ئەو واتایە دەبەخشێت، هەڵسورانی ڕاستەوخۆ، چالاکی ڕاستەخۆ و خەباتی ڕاستەوخۆ واتابەخشتر دێنە بەگوێ.( و.ک)

ساڵی1994 لەلایەن گروپی(Fresnes-Antony) (گروپی فیدراسیۆنی ئەنارکیستانی فەرەنسە)وە بڵاو کراوەتەوە.

http://cgecaf.com/mot515.html و ساڵی 1999 لە لایەن « Kate Sharpley Library» وەریگێڕاوەتە سەر ئینگلیزی و دواتر لە سایتی ئەنارکۆ- سەندیکالیزم 101، بڵاوکراوەتەوە

سەرچاوەی بڵاوکراوەی ئینگلیزییەکەی:

http://www.anarchosyndicalism.net/newswire/display_any/200

ژیاننامە و نووسینەکانی نووسەر:

http://www.anarchosyndicalism.net/protagonists/pouget.htm

سەرچاوەی وەرگێڕانە فارسییەکەی :

http://cnt-ait.inf/orubrique.php3?id_rubrique=97

لەم سەرچاوە فارسییەدا سێ بەشی کۆتایی دانەنراون، کە پێشتر لە سایتی (خوشە)دا هەبوون. لەبەر ئەوەی کە سایتی http://khushe.ir لە ئارادا نەماوە، تەنیا ئەو بەشانە دەست دەکەون کە لە سایتی http://cnt-ait.inf دانراون.

للقراءة و الطبع المزيد من الكتب الأخرى حول الأناركية باللغة العربية، الفارسية و الكردية، زوروا هذا الرابط الكتروني: http://issuu.com/anarkistan

برای خواندن و چاپکردن کتاب بیشتر درباره‌ای آنارشیسم به زبانی عربی، فارسی و کردی، روی این لینک انترنتی کلیک نماید: http://issuu.com/anarkistan

**بۆ خوێندنەوە و چاپکردنی پەرتووکی زیاتر دەربارەی ئەنارکیزم بە زمانی عەرەبی، فارسی و کوردی، کرتە لەسەر ئەم لینکە بکەن:** http://issuu.com/anarkistan

# Direct Action

## Émile Pouget



**Translated by: Hejên**

First Edition, January 2010

# Direct Action

Émile Pouget



Translated by: Hejên

First Edition, January 2010